مێژووی خەبات و بەسەرهاتی

(حەمە تاڵ)ی بانە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کەمال نوری مەعروف

پێداچوونەوەی زمانەوانی
سەلام مستەفا

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

مێژووی خەبات و بەسەرهاتی (حەمە تاڵ)ی بانە

نووسینی:
کەمال نوری مەعروف

پێداچوونەوەی زمانەوانی
سەلام مستەفا

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:

- ڕۆحی پاکی
سەعید بەگی هاورێی بەوەفای حەمە تاڵ

سوپاس و پێزانینمان بۆ:

دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر کە بە هەندێک زانیاری یارمەتیداین.

لەم نامیلکەیەدا

پێشەکی..... 7
حەمە تاڵی بانە کێیە؟..... 13
ناوبانگی حەمەتاڵ..... 15
حەمەتاڵ دەکرێت بە حاکمی سەقز..... 18
حەمە تاڵ و وەفای هاوڕێیەتی..... 21
ڕۆستەم خانی بانە..... 23
پاش لەسێدارەدانی ڕۆستەم خان..... 25
ئەوەی لە سلێمانی، لەسەر حەمە تاڵ دەیگێڕنەوە..... 27
حەمە تاڵ بۆ بانە دەگەڕێتەوە..... 30
ڕاکردنی حەمەتاڵ لە زیندان ڕادەکات..... 33
هەوڵەکانی حەمە تاڵ بۆ بەردانی ئەندامانی خێزانی کەی..... 39
حەمە تاڵ و گرتنی زەرغام..... 41
حەمە تاڵی بانەو و سەید عەتای باینچۆیی..... 44
تۆڵە سەندنەوە لە سەید عەتا..... 47
حەمە تاڵ، لە هۆنراوەی شاعیرە میللییەکاندا..... 49
پوختەی باسەکە..... 55
سەرچاوەو پەراوێزەکان..... 59
پاشکۆی ژمارە (1)..... 63
پاشکۆی ژمارە (2)..... 95
ئەلبوومی وێنەکان..... 121

پێشەکی

بەر لەوەی بچینە نێو باس‌و مێژووی (حەمە تاڵ) ی بانە و بەگژداچوونەوەی دوژمنانی، بەپێویستی دەزانین تیشکێک بخەینە سەر رووداوەکانی ئەو رۆژگارەی کە تێیدا ژیاوە، و تێیدا دەرکەوت و توانی دژ بە دەرەبەگ و پیاوانی رژێم، ئەو رۆڵە بۆ خزمەتی هەژار و پاڵە و جوتیار و رەشوروت بگێڕێت، کە ستەملێکراو بوون.

هەموو ئەو ناهەقییانەش کە دژ بە نەدارو چەوساوەکان کراوە، دەگەڕێتەوە بۆ پیاوانی رژێم، سەبارەت بەخراپیی تەخمینکردنی بەرهەمی کشتوکاڵییان و زۆری دانانی باج و خاوە لەسەریان. ئەوەش بەهۆی نەبوونی دەزگایەکی بەرپرس بووە، کە سەلامەتی مرۆڤ و ماڵو مووڵکی بپارێزێت. ئەو نەبوونییەش هۆکار بووە، بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی نالەبار و بەرەڵایی و تاڵانکردنی کاروانی جوتیارەکان، لەکاتی گواستنەوەی بەروبومەکانیان، کە کۆسپی گەورەی خستووەتەوە. چونکە کاربەدەستان بۆ خۆیان لەگەڵ ڕێگر و جەردەکانی ئاغا و دەرەبەگەکاندا، پەیوەندییان هەبووەو ئەوانیش بەشی خۆیان لە تاڵانیی وەرگرتووە.

(حەمەتاڵ)، هەرچەندە لەدوا رۆژەکانی دەسەڵاتی نەسرەدین[1] پاشای قاجاردا، واتە لە ساڵی 1892 لەدایک بووە، بەڵام دژایەتیکردنی دژ بە ڕێگرو چەتەکان، زیاتر بۆ سەرەتای دەسەڵاتی ڕەزا شای پەهلەوی دەگەڕێتەوە. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کۆمەڵگەی ئەو بەشەی کوردستان، دانیشتوانەکەی بەزۆری سەر بەهۆزو ئێڵو عەشرەت بوون. لەوانە بەشێکیان نیمچە کۆچەری بوونو بە ئاژەڵداری بەڕێوەدەچوون، چونکە لەناوچەکانیاندا لەوەڕگەی زۆر و زەوەند هەبوون، لەگەڵ ئەوانەشدا جوتیاریش هەبوون، بەشی خۆیانو زیاتریش دانەوێڵەیان چاندووە. لەسەرو ئەوەیشەوە فەلاحیش هەبووە کە لە زەوی دەرەبەگەکاندا بەکرێ کشتوکاڵی بەرهەمهێناوە، بەشی شێری بۆ خاوەن مووڵک بووە. ئەوەش بووەتە هۆکار بۆ نزمبوونەوەی باری ئابووریی ژیانیی و ستەملێکردنی لە لایەن گەورەکەیەوە، جگە لەو باجەش کە فەلاحەکان داویانە بە پیاوانی میری، بەو ستەملێکردنەشیان دوا دڵۆپی خوێنیان مژیون. خۆ ئەگەر بەشی ئاغایان بۆ هەڵنەسووڕایە، ئەوا بە ماڵ و منداڵیانەوە لە گوندەکە دەریاندەکردن، بێ ئەوەی یاسایەک هەبێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. لەوەها

حاڵەتێکدا، فەلاحەکان ناچار بوون رێگەی یاخیبوون بگرنەبەر کە لە گوندەوە دەستی پێکرد.

لێرەدا دەتوانین ئەو شێوە دروستبووە بەراورد بکەین بە ژیانی کرێکار لەشاردا، کە تێیدا دەبینین چینی بۆرژوا، کە هێشتا لەو رۆژگارەدا لە سەرەتای نەشونمایدا،لەئاغاو بەچکەکانی کەمتر رۆڵیان نەبینیوە. لەو رووەوە بەڵگەنامەکان کە ئاوێنەی رۆژگارەکەن ئەوە دەردەخەن، گەڕانێک بە مێژووی کوشتنی نەسرەدین پادشای قاجاری، ئەوەمان نیشاندەدات کە زۆرینەی چینی کرێکار لەوڵاتدا بێکار بوون، یان لەکارەکانیان لە فابریقەکاندا دوورخراونەتەوە، بۆیە ناچار گەنجەکانیان بەرەو هەندەران ملیان ناوە، لەوێ رازیبوون هەر کارێکیان پێبکەن، بۆئەوەی بژێوی ماڵومندالیان دابینبکەن. بەڵگەش بۆ ئەمە گەڕانەوەیە بۆ ئەوراقی دادگاییکردنی ئەو کەسە بەناوی کرمانی، لە مزگەوتی سەید عەبدولعەزیم لە تاران پادشای ناوبراوی کوشت، کاتێکیش کە جەندرمەکان گرتیان، لە وەڵامی پرسیارێکدا لە دادگا هەموو ئەو راستییانەی خستەڕوو سەبارەت بەژیانی چینی کرێکاری هەژار، هەروەکو دەڵێت: تۆزێک لە ئێران بڕۆنە دەرەوە و ژمارەی ئەو ئێرانیانە ببینن

که له ولاتەکەیان رایانکردووە، لە عێراق و قەفقاس و عەشق ئاباد و رووسیا، بە هەزاران هەزار ئێرانیی راکردووی هەژار ئەژین و نیشتمانی خۆشەویستی خۆیان لە ترسی ستەمی شا بەجێهێشتووە.

ئەمانە بۆئەوەی بژین بە خراپترین کار و پیشەوە خەریکن و لەهەر شوێنێک خزمەتچییەک، یان حەمالێک، یان پاککەرەوەیەکت دی، بیناسەوە کە بزانە ئێرانییە، هەروەها لەسەری دەڕوات و دەڵێت: پیاوانی شا، دووبەرەکییان خستە ناو خەڵکەوەو بە چەند هەزار تمەنێک پارێزگاری شارێک دەدەنە دەست مرۆڤێکی بێ ویژدان، بۆئەوەی بکوژ و ببڕ هەر خۆی بێ و کەس نەبێت لێیبپرسێتەوە بۆ وا دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە ناچارمان بکەن ژنەکانمان تەڵاق بدەین و ئەوانیش بە دەیان ژن بهێنن و بەهەزاران هەزار تمەنیان دەست بکەوێت.

خەڵکیی ئەمانە هەمووی دەزانن، بەڵام ناوێرن و توانای وتنیان نییە.

من بەم کارەم توانیم باریکی قورس لەسەر شانی ئەو خەڵکە لابەرم کە چاوەڕێیان دەکرد. بەڵام لەجیاتی ئەوەی ماوە بە(کرمانی) بدەن وەڵامی

تەواوی پرسیارەکانیان بداتەوە، رۆژی 1896/8/11 لە مەیدانی مەشق لە تاران لە ناو دەنگی مۆزیقادا لەسێدارەیاندا[2].

ئەمانە بەڵگەی ئەو رۆژگارەن، بۆ لەیەکچوونی ژیان لە لادێ و شاردا بۆ ئەو رۆژگارە. بۆیە هەموو ئەو هۆکارانە کەوتوونەتە کار، کە، کەسانی وەکو (حەمە تاڵ)ی بانەو سەید عەتای باینجویی و مەجید شانەشینی و گەلێکی تر رێگای یاخیبوون بگرنەبەر، بۆ دژایەتیکردنی ئەو دۆخە نەخوازراوەی کە لەکۆمەڵگەی فرە عەشیرەتدا و ململانێدا لەسەر غەدر و ناهەقی بە زۆری دەربکەوێت و خوێنی تێدا بڕژێت، بۆ خزمەتی زۆردار و مانەوەی رژێمەکەشی لەسەر بنووسرێت و بەردەوامی بە تەمەنی بدات.

بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەر هۆزێک لەو ناوچانە بوونەتە داردەستی لایەک بۆ بەردەوامی دەستکەوتیان بەکاریان هێناون.

ئەمەش زیانێکی گەورە بووە بۆ ئەو رۆژگارەی جوتیار و پاڵە ژیانیان تیا بەسەربردووە.

لێرەدا ئەوە روونە، ئەوانەی کە خزمەتیان بەرژێمەکە کردووە، ئەو خزمەتەی کە هەردوو دەسەڵاتی قاجاریی و پەهلەوی گرتووەتەوە. دیارە

ئێمە لەم پێشەکییەدا ئەوەی دواییمان مەبەستە کە بۆ رۆژگاری دەسەڵاتی رەزا شای پەهلەوی دەگەڕێتەوە (1925. 1941). ئەو بارودۆخەش رێگای بۆ کەسانی وەکو (عەلی دەشتی) لەناوچەی مەهاباد خۆشکرد، دژی بڕیارێکی رەزا شا بووەستێتەوە، سەبارەت بە لەبەرنەکردنی پۆشاکی کوردیی و بەکارهێنانی پۆشاکی ئەوروپی لەبری، یان (حەمە تاڵ)ی بانە، کە لە چەمکێکی راست و دروستەوە، مێژووە خەرمانەکەی بکەینە نامێلکەیەک تاوەکو سوود بە کتێبخانەی کوردیی هەژار بگەیەنین، نەوەی نوێ لە مێژووەکەی بەئاگا بن، بۆ ئەو رۆڵەی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی گێڕاوێتی.

(حەمە تاڵ)ی بانە کێیە؟

ناوی محەمەد کوڕی فەقێ حەمە میرزایە، ساڵی 1892 لە خێزانێکی کوردپەروەر لە شاری بانە لە گەڕەکی سەروو، هاتووەتە دنیاوە[3].

ئەم بنەماڵەیە بەکشتوکاڵەوە خەریکبوون، لە هەمانکاتدا فەقێ حەمە میرزای بانەیی باوکی، خاوەنی یەکێک لە قافڵەکانی نێوان بانەو هەمەدان بووە.

(حەمە تاڵ) لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە بانە و دەوروبەریدا، لە منداڵیدا بە نەخوێندەواری لەگەڵ براکانیدا (ڕەحمان) و (ئەحمەد) ماوەتەوە و خەریکی کاری کشتوکاڵی بووە، تا ئەوکاتەی تەمەنی گەیشتووە بە (15) ساڵ، لەبەر وریایی و توانایی لەو تەمەنەیدا، باوکی لەگەڵ خۆیدا بۆ سەفەرەکانی کردوویە بەکاروانچی، هەر لەبەر ئەو زیرەکییەیشی بووە دەبێتە سەر قافڵەو پارێزەری کاروانچییەکان، لەم کارەیدا ماوەتەوە، تا تەمەنی گەیشتووە بە (20) ساڵ.

(حەمە تاڵ) سەرباری زیرەکیی و وریاییەکەیشی، زۆر دەستپاک و داوێن پاکیش بووە، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی لەشولارێکی بەهێز و جوان و

بالایەکی بەرزیشی هەبووە، لە سوارچاکیشدا سوارچاکێکی کەموێنەی ئەو رۆژگارەی خۆی بووە.

(رۆستەم خانی بانە) کە پیاوێکی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای ناوچەیەکی فراوان بووە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، حەمە تاڵ پەسەند دەکات و داوا لە فەقێ حەمە میرزای باوکی دەکات، کە حەمە تاڵی بداتێ و لای بمێنێتەوە. فەقێ حەمە میرزا بەداواکەی رازیدەبێت. حەمە تاڵ لەگەڵ ئەوەی لاوێکی شۆخ دەبێت، بەڵام مۆن و کەمدوو دەبێت. هەر لەبەر ئەو سیفەتە رۆستەم خان ناوی (حەمە تاڵ)ی لێناوە و هەر بەو ناوەش ناوبانگی دەرکردووە.

ناوبانگی حەمە تاڵ[4]

سەرەتای ناوبانگی (حەمە تاڵ)، بۆ ساڵی (1915-1916) دەگەڕێتەوە، کە هاوکاتە لەگەڵ جەنگی جیهانیی یەکەمدا، لەوکاتەوەی سوپای داگیرکەری رووسیای تزاری بە پاڵپشتی هێزێکی گەورە لە ئازەربایجانی رۆژئاوا، هێرشی بردۆتە سەر خۆرهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی داگیرکردنی، لەهەمان کاتیشدا شێخ مەحموودی[5] نەمر بەخۆی و هێزێکەوە لەگەڵ چەند فەرماندەیەکی عوسمانی، سەردەمی ئیتیحاد و تەرەقی، لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ناوداری وەکو شێخ حسامەدین و شێخ سراجەدین، لەشاری بانەوە بەرەو ناوچەی شەڕەکە دەڕۆن، بۆ بەرگریکردن لەو هێرشەی سوپای تزاری کە هێناویانەتە سەر ناوچەکە. بەگەیشتنی لەشکرەکەی شێخ مەحموود، رۆستەم خانی بانە، بەخۆی و لەشکر و عەشیرەتییەوە پەیوەندی بە شێخی نەمرەوە دەکات، لەهەمان کاتیشدا شێخ نەجمەدین و حاجی شێخ محەمەد عارف لە دەوروبەری سەقزەوە پەیوەندی بەهێزەکەی شێخ مەحموودەوە دەکەن.

لەشەڕێکی دەستەو یەخەی خوێناویدا شاری قەفز لەدەست رووسی قەیسەر دەسێننەوە. لەو شـەڕەدا شێخ مەحموود لەشاخی (بێژن بەسەر) بریندار دەبێت.

سوپای رووس بـەرەو دوا دەبێتەوە، هەتاکو نزیک شاری (میـاندواو)، بـەڵام لەسەر پردەکەی میاندواو لەشکری رووس بە پشتیوانی تۆپخانەیەکی گەورەی جێگیر، رێگە لەهێرشی لەشکری کوردستان دەگرێت، بۆیە، سەرکردەکانی لەشکری کوردستان لـەناوخۆیـاندا دەکـەونـە وتـوونێژ بـۆ دۆزینـەوەی رێگەچارەیەک بەمەبەستی شکاندنی ئەو هێزەی کە ئەو پردەیان کۆنترۆڵ کردووە.

بە بیستنی ئەم هەواڵە (حەمە تاڵ) بە خۆی و نەخشەیەکی تۆکمەی داڕێـژراو دەچێتە خزمەت شێخ مەحموود و لە نەخشەکەی ئاگاداری دەکاتەوە. (حەمە تاڵ) داوای (100) چەکداری گیانبەخشی لێدەکات بۆ گرتنەوەی پردەکـە. شێخ بانگەواز بۆلەشکرەکە دەردەکـات کە (100) کەس لەگەڵ (حەمە تاڵ) ئامادە بێت بۆ ئەو فیداکارییە، بەڵام تەنیا (17) کەس ئامادەیی خۆیان نیشاندەدەن. حەمە تاڵ بۆ بەجێهێنانی گفتی بەو کەسانە رازیدەبێت و بەپێی نەخشەیەکی تۆکمە روو لە پردەکە دەکا

و لەماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر تۆپخانە و پردەکەدا دەگرێت و هێزەکەی رووسیش دەشکێنن و ئالای سەرکەوتن دەچەقێنن. ئەم سەرکەوتنە کەموێنەیەی (حەمە تاڵ)، دەبێتە هۆی وەربەردانی سوپای رووس. بەسەرهاتی ئەو سەرکەوتنە لە ناو کوردەواریدا بووەتە باوو پێیدەڵێن سالّی (رووسە شکاو). بەدیهێنانی ئەو کارەش بەو نەبەردیی و ئازایەتییەی (حەمە تاڵ) دەبێتە جێگای سەرسوڕمانی هەموو لێپرسراوانی لەشکری کوردستان. کاتێک (حەمە تاڵ) بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە بۆ لای شێخ مەحموود و رۆستەم خان، هەردووکیان بەرەو پیری دەڕۆن و ناوچەوانی ماچدەکەن و شێخ بەدەنگێکی بەرز، دەڵێت: حەمە تاڵ لە ئێستاوە ناوەکەت دەگۆڕم لە (حەمە تاڵ) ەوە بۆ (حەمە شیرین)[7]. حەمە تاڵ سوپاسی شێخ دەکات، بەڵام دەڵێت: هەر ناوەکەی خۆمم لا شیرینە، چونکە هەر بەو ناوە ناسراوم. بەڵگەی بەرچاویشمان بۆ ئەم بەسەرهاتە مێژووەی فەرهەنگی سەقزە لە نووسینی مامۆستا عومەری فاروقی، هەروەها لە یادداشتەکانی (شێخ لەتیف) یشدا دووبارە بووەتەوە.

حەمە تاڵ دەکرێت بە حاکمی سەقز

دوای سەرکەوتنی لەشکری کورد لە شەڕەکەیدا بەسەر سوپای قەیسەر، حەمە تاڵ دەکەن بە حاکمی سەقز، لەماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا کاری باشی زۆری بۆ خەڵکی ناوچەکەو شارەکە کردووەو ئەوانیش لێیڕازیبوون و خۆشیان ویستووە. چونکە حەمە تاڵ هەردەم پشت و پەنای هەژاران و لێقەوماوان بووە. لەژێر گوشاریشدا دەوڵەمەندەکانی ناچار کردووە زەکات بدەن.

یەکێک لە کارە جوانەکانی حەمە تاڵ، ئەوە بووە، جارێک لەگەڵ هاوڕێکەی بەناوی (سەعەی بەرغەش) کە نوێنەری بووە، بەناو شاری سەقزدا ئەسوڕێنەوە، ڕێگایان دەکەوێتە مەیدانی عەلافەکان، لەکاتی قسەکردن لەگەڵ خەڵکیی، کوڕێکی لاوی جوان، بەجلوبەرگێکی شڕ وسەرو ڕیش هاتوو، بەپێخاوسی دەبینێت، وەکو شێتێک دێتە بەرچاوی حەمە تاڵ. ئەم لاوە زۆر سەرنجی حەمە تاڵ ڕادەکێشێت، لەخەڵکەکە دەپرسێت ئەمە کێیە؟ یەکێک لە دوکاندارەکان دەچێتە بەردەمی حەمەتاڵو پێیدەڵێت: گەورەم سەرگوزشتەکەی من دەیزانم. ئەم لاوە لە تەمەنی 5 - 6 ساڵیدا باوک و دایکی لە ژیاندا

نامێنن و پیاوێکی ناسراو لە دەوروبەری (ئایچی) سەقز، دەیباتە لای خۆی و شوانیی و سەپانیی پێدەکات، پێشی دەڵێت: کە ئێرە مااڵی باوکتە، بەو شێوەیە دەیکاتە کوڕی خۆی و بەڵێنی پێدەدات کچەکەی لێ مارە بکات. هەر بەو بۆنەیەوە کوڕو کچەکە دەبنە خۆشەویستی یەکتری. کاتێک کوڕەکە تەمەنی دەگاتە 17 ساڵ، باوکی کچەکە پەشیمان دەبێتەوە و کچەکەی ناداتێ، چونکە دەیەوێت بیدات بەشیربایی، هەر بەو هۆیەش کوڕەکە لەماڵەکەی دەردەکات.

ئەم کوڕە بەهۆی بێکەسیی و خۆشەویستی بۆ کچەکە شێت بووە. حەمە تاڵ کە لەم بەسەرهاتە دەگات، رووەکاتە سەعەی بەرغەش و پێیدەڵێت:

ئێستا ئەم کوڕەم بۆ دەبەن بۆ حەمام و پاک و خاوێنی دەکەنەوەو جلکێکی جوانی لەبەر دەکەن و بۆم دەهێننەوە. لەهەمان کاتیشدا روو لە کابرای دووکاندارێش دەکات و پێیدەڵێت: ئەم ئێوارەیە لەگەڵماندا وەرە بۆ مااڵی ئەو کابرایە و نیشانمان بدە. دەڵێن: کاتێک لاوە شێتەکە بە پاک و خاوێنی بۆ لای حەمە تاڵ دەگەڕێتەوە، ئەو لە جوانی لاوەکە سەری سوڕدەمێنێ و ئەوەندەی تر سەرنجی رادەکێشێت. بۆیە

دەمانچەکەی قەدی خۆی دەکا بەقەدی لاوە شێتەکەدا. هـەر ئـەوکـاتـە فـەرمـان دەدات کـە چـەند سـواربێک ئامادەبن لەگەڵ باری هێستربێک لە کەلوپەلی ناو ماڵ و مەلایەکیش بەناوی (مەلا محەمەد ئەمین)، هەموان لە ئێوارەدا بەڕێدەکەون و دەگەنە ماڵی باوکی کچەکە. حەمە تاڵ بە باوکی دەڵێت: میوانی تۆین، مەلاشمان هێناوە، هەر ئەمشەو دەبێت ئەم کوڕ و کچە لە ڕێگەی شـەرعـەوە بـەیـەک بگەیەنرێن. بـاوکـی رازیـدەبـێت، مەلاش کچەکە لە کوڕەکە مارە دەکات. بۆ رازیکردنی باوکی کچەکەش (20) لیرەی شیربایی دەداتێ، (10) لیرەش دەدا بە کوڕەکە و ناوچەوانی کوڕ و کچەکەش ماچ دەکـات. کوڕ و کچەکەش لە ناخۆشیی و شێت بوون رزگاریان دەبێت و دەبن بە خاوەنی خێزان و نەوەکانیان لە شاری سـەقز هەر ماون.

حەمە تاڵ و وەفای هاوڕێیەتی

سەعەی بەرغەش کە نوێنەری (حەمە تاڵ) و هاوڕێی خۆشەویستی بووە، رۆژێک دوو هاوڕێی دێن بۆ لای حەمە تاڵ، بەڵام لەوکاتەدا هاوڕێیەتی خۆی نابێت، دەڕۆن پەیوەندی بە (سەعەی بەرغەش) ەوە دەکەن و پێیدەڵێن: ئاگاداری حەمە تاڵ بکە و پێیبڵێ: بۆ ئەو جێگەیەی کە بۆی دیاریکراوە نەچێت، چونکە بە پیلانی دەسەڵاتدارانی ئێران دوو کەسیان بۆ کوشتنی داناوە، بەڵام وەفای هاوڕێیەتی سەعەی بەرغەش، چاوەڕوانی حەمە تاڵ ناکات، خۆی هەڵدەستێت، بۆ ئەو شوێنە دەچێت کە بۆی دیاریکراوە. کاتیش دەمەو تاریکی ئێوارە دەبێت، لە یەکێک لە کۆڵانەکانی شاری سەقز لە ناکاو تەقەی لێدەکەن و سەعەی بەرغەش بەردەکەوێت. کاتێک حەمە تاڵ بەم هەواڵە دەزانێت زۆر ناڕەحەت دەبێت بە مردنی، بۆیە راستەوخۆ دەڕواو دەگاتە شوێنی رووداوەکە، دەبینێت تاوانباران رایانکردووە. وەکو دەڵێن: لە ماوەیەکی کورتدا حەمە تاڵ توانیوێتی تۆڵەی سەعەی بەرغەش لە تاوانباران بکاتەوە. لە ماوەی دەسەڵاتداریتی حەمە تاڵ لە سەقز، شێخی

بەرزنجی لە ئەنجامی ئەو خۆشەویستییەی کە بۆی هەبووە، چەند جارێک داوای دانیشتن و وتووێژی لەگەڵیدا کردووە، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە بەپیریەوە چووە. چونکە حەمە تاڵ چەند پیاوێکی ئازاو لێهاتوو بووە، ئەوەندەش زیاتر بڕوای بە ئاینی ئیسلام و بنەماڵەی کاک ئەحمەدی شێخ و ڕێبازە ئاینییەکەی بەهێز بووە.

رۆستەم خانی بانە

کەسێکی ناسراو و بەتوانا و خاوەنی هێز و بەوەفا بووە بۆ شێخ مەحموودی نەمر، هەر لەو سۆنگەیەوە بووەتە جێگەی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ حکوومەتی ئینگلیز و نۆکەرانی. کاتێک (شریف الدولە الکاشی) لەلایەن (وثوق الدولە)[8]ی فارسەوە کراوەتە فەرمانڕەوای کوردستان، توانی بە پیلانێک لە رێگەی میواندارییەوە، رۆستەم خان دەستگیر بکا و لە سێدارەی بدات. رۆستەم خان کەسایەتییەکی گەورە و بەسام بووە و خاوەنی لەشکرێکی بەهێز بووە و زۆر راستگۆ و بەخزمەت بووە لە دەسەڵاتدارێتی خۆیدا، هەتاکو ئەمڕۆش نەوەی ناودار و چاکی ماون. هەر لە دەسەڵاتدارێتی رەزا شادا، کوڕە گەورەکەشی بەناوی (نەسرولڵڵاخانی ساوان) دەستگیر کراوە و هەتاکو کۆتایی جەنگی جیانی دووەم لەگەڵ ناوداری کورد (سەلیم خانی کێوەڕو) زیندانی بووە، کە دەبێتە خەزوری شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحوود. وا دیارە دەسەڵاتدارانی ئێران هەروەکو لە باوک و باپیرانەوە بۆیان مابێتەوە، پەلاماری پیاوی ناودارو بەتوانایان داوە، بەتایبەتی لە بەشی کوردستانەکەیدا،

کە بەزیندانی کردن و لە سێدارەدان لەناویان بردوون، بێئەوەی گوێ بە هیچ یاسایەکی مرۆڤایەتی بدەن. هەر بەهۆی لە سێدارەدانی رۆستەم خانیشەوە بووە، حەمە تاڵ ڕێگای یاخیبوونی گرتووتە بەر.

حەمە تاڵ هەروەکو مامۆستا هەژاری موکریانی لە کتێبی شەرەفنامەدا باسیکردووە، دەڵێت: حکوومەتی ئێران هەرچی کاری نامرۆڤانە و خراپەکاری لە دەست هاتبێت کردوویەتی، کە نازانێت گەلی کورد هیچ کات ملی بۆ زۆردار نەداوە.

پاش لە سێدارەدانی رۆستەم خان

کاتێک حەمە تاڵ هەواڵەکەی پێدەگات، سوێند دەخوات کە (تیغ) لە ڕیشی نەدات تا تۆڵەی رۆستەم خان دەسێنێ. بەوشێوەیە دەمێنێتەوە و ریش ناتاشێت. کاتێک شێخ مەحموود هەواڵی رۆستەم خانی پێدەگات و حەمە تاڵیش لە شوێنی خۆی نەماوە و کەوتووەتە دژایەتیکردنی دەسەڵاتدارانی ئێران. بۆئەوەی ئەویش لە ناو نەچێت، دەنێرێت بەدوای خۆی و خێزانەکەیدا، بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە ژیانیان، حەمە تاڵ لەبەرئەوەی داواکەی شێخ مەحموودی پێناشکێت، رازیدەبێت لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیدا بەرەو شاری سلێمانی بەڕێبکەون و لە گەڕەکی سابونکەران لەودیو چوخمەکە خانوویەک بەکرێدەگرێ کە خاوەنەکەی حاجی عەلی ئاغایە. حەمە تاڵ لە ماوەی مانەوەیدا کە (8) ساڵ دەخایەنێت، لەگەڵ نەجیبەی (حەمە قەدەم)ی خێزانیی و کچەکەی بەناوی عیسمەت خان، کوڕ و کچێکی تریشیان دەبێت کوڕەکە بە ناوی (محەمەد) و کچەکەیشی بەناوی (نەسرەت). ئەوەشمان لەیاد نەچێت، حەمە تاڵ لەکاتی دەسەڵاتەکەیدا لە شاری سەقز، ئافرەتێکی

لە خێزانێکی ناسراوی سەقز هێناوە بەناوی ئامینەی کچی حاجی فەتحوڵڵا، کچێکی بەناوی (ئوش ئابا) ی لێبووە، بەڵام ئەو خێزانەی لەسەقز ماوەتەوە. لە سلێمانی حەمە تاڵ بۆتە هاوڕێ و دۆستی شێخ قـادری[9] بـرای شێخ مـەحموود و حەپسەخانی نەقیب[10]. جگە لەوەش دەبێتە هاوڕێی زۆرێک لە پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی وەکو (مەجیدی قالەی حەمامچی) و (وسو ئاغا) و (محەی ساڵە سوور) و (سەعەی عەلی قوباد).

ئەوەی لە سلێمانی،
لەسەر حەمە تاڵ دەیگێڕنەوە

ئەوەی هەندێک لەسەر (حەمە تاڵ) دەیگێڕنەوە:

-: دەڵێن بەهۆی بەخشندەییەوە، کاتێک لە مااڵی حاجی عەلی ئاغا کرێچی دەبێت، خەسرەوی کوڕی حاجی، کە منداڵ دەبێت، بەیانییەک دەگەڕی، لە باوکی دەپرسێت بۆ ئەو منداڵە دەگەڕێ؟ لە وەاڵمدا دەڵێت: حەزی لە جوانووە ماینەکەی تۆ کردووە.

حەمە تاڵ کە لەوکاتەدا لەسەر پشتی ماینەکەی دەبێت، دێتە خـوارەوەو دەڵێت: ئـەم جوانـووە بەماینەکەشەوە پیرۆز بەخەسرەو بێت، دیارە بەرامبەر بـەوە باوکی منداڵەکە هەرچی هەوڵ لەگەڵ حەمە تاڵ دەدات ماینەکە بۆ خۆی بگێڕێتەوە رازی نابێت. سوێندیش بەکاک ئەحمەدی شێخ دەخوات کە جارێکی تر سواری نابێت، لەبەرئەوەی پێشکەش بەو منداڵەم کردووە.

-: وەکو دەڵێن: ڕۆژێک لە دیوەخانی شێخ قادر لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەبێت، حەمە تاڵ لەگەڵ شێخ قادر تاوڵە دەکات، بە شێخ قادر دەڵێت: کاکە شێخ بۆ ژنێکی تر ناهێنیت، بەڵکو خوا منداڵێکی نێرینەت بداتێ، بۆئەوەی وەجاخ کوێر نەبیت. حەمە تاڵ دەڵێت: من کردوومە بەدوو ژن بۆئەوەی خوا کوڕێکم بداتێ، بڕوا بکە ئەگەر لە ژنی دووەمیش کوڕم نەبێت دەیکەم بە (3) و بە (4) تاوەکو خوا کوڕێکم پێدەبەخشێت.

ئەم قسەیە دەگاتەوە بە حەپسەخان، بەو هۆیەوە لە حەمە تاڵ زوێر دەبێت. ئەویش لەبەرئەوەی ڕێزی حەپسەخانی زۆر لا بووە، بۆیە هاتوچۆ بۆ لایان کەمدەکاتەوە، بۆ شوێنی دانیشتنەکەی لە (گردە بۆر[13]) نزیک بە شاخی پیرەمەگروون دەگەڕێتەوە. هەر لەو سەروبەندەدا خوا کوڕێک بە (حەمە تاڵ) دەبەخشێت، کە هەواڵەکەی پێدەگات باریک شووتی وەکو مزگێنی دەنێرێتەوە بۆ ماڵەوە بەناوی گوێزەبانەوە و داواش دەکات ناوی بنێن (حەمە ڕووت).

-: کاتێک حەمە تاڵ لەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە

شێخی نەمر لە لایەن ئینگلیزەوە دەستگیرکراوە، و ئایشە خانی خێزانیشی لە سلێمانی[14] گیراوە. حەمە تاڵ هەر ئەو ساتەوەختە کە لە شەودا دەبێت بە ڕێگەی نهێنی، خۆی دەگەیەنێتە حەوشەی سەرای سلێمانیی و پاسەوانی بەندیخانەکە دەستگیر دەکاو دەرگای زیندانەکەش دەشکێنێ و ئایشەخان ڕزگار دەکات. بۆ ڕاستی ئەم بەسەرهاتەش سەعەی خەلفە کەریم کە لەزمانی پاسەوانەکەی بیستووە، و بۆی گێڕاوەتەوە، وتوویەتی: ناتکوژم، هاوار مەکە، هەروەها پاسەوانەکە دەڵێت: دوای ئەوەی قاچو دەستی بەستم، بەڵام نەمزانی ئەمە کێیە، چونکە دەموچاوی خۆیۆ هەڵبەستبوو، پاش ئەوەی بەندیخانەکەی شکاند، ئەوانەی لەوێدا بوون ڕزگاریکردن، من بە ،بەستراوەیی هەتاکو بەیانی مامەوە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زیندانی بکرێم و لە پۆلیسیش دەرمبکەن، بەڵام مەجیدی قالەی حەمامچی و وسو ئاغا و هاوڕێکانی حەمە تاڵ زوو زوو سەردانیان دەکردم و یارمەتییان دەدام بێئەوەی بزانم ئەم کارە، حەمە تاڵ، یان کەسێکی تر کردوویەتی.

حەمە تاڵ بۆ (بانە) دەگەڕێتەوە

دوای ئەوەی حەمە تاڵ لە (گردە بۆر)، ژیانی بە کشتوکاڵکردن بە باشی بەڕێوەناچێت، سەرباری ئەوەش گرتنی شێخ مەحموودیشی بەسەردا هاتووە، تەواو ناڕەحەت دەبێت، بۆیە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ شاری بانە. دوای ماوەیەک لە گەڕانەوەی لە خۆی دڵنیا دەبێت بەوەی ترسی گرتنی نابێت، خۆی سەرقاڵ دەکات بە چاککردنی خانووەکەی و خزمەتکردنی عەردە کشتوکاڵییەکانی بۆ ئامادەکردنیان، ژمارەیەک وڵاخی بارهەڵگریش دەکڕێت بۆ کاری کاروانچێتی، سەرئەنجام ناگاتە ئەوەی بکەوێتە سەر کاری خۆی لەلایەن حاکمی بانەوە دەگیرێت. هەروەکو دەڵێن گرتنەکەی لە مانگی ڕەمەزاندا بووە، کاتێک لە چایخانەی دەرووێش قادر لەگەڵ سەعید بەگی هاوڕێیدا خەریکی تاوڵە دەبێت، لە هەموو لایەکی چایخانەکەوە دەوری دەگرن و ڕاپێچیان دەکەن و زیندانیان دەکەن. بۆ ئازادکردنی حەمە تاڵ، خەڵکێکی زۆر هەوڵیان بۆ داوە، لەوانە شێخ حسامەدین، هەوەکو دەڵێن: کاتێک هەواڵی گرتنەکەی دەگاتە لا، زۆر ناڕەحەت دەبێت، هەر ئەو

رۆژەیش میوانێکی لە بانەوە بە ناوی (حاجی مینە فەتاح) دێت، نایەڵێت پشوویەک بدات، راستەوخۆ دەینێرێتەوە بۆ بانە و نامەیەک و تەزبیحێکی بەنرخی دەداتێ کە بۆ حاکمی بانەی بەرێت بەناوی (یاوەر سەید محەمەد خان)، کە لە نامەکەدا شێخ حسامەدین داوای لێدەکات حەمە تاڵ بەر بدات، پێشی وتووە: ئەو خاوەنی غەزای رووسە، خوا دەتگرێت ئەگەر ئازادی نەکەی. بەڵام حاکم (یاوەر سەید محەمەد خان) ئازادی ناکات، چونکە لەسەر داوای رەزا شای ئێران گیراوە، بۆیە دوای (8) رۆژ لە بانەوە لەگەڵ سەعید بەگی هاورێیدا رەوانەی تاران دەکرێت. لەوێش دەخرێنە بەندیخانەی قەسری قەجەر، کە گەورەترین بەندیخانەی ئێران بووە و زیندانەکەش تایبەت بووە بە پیاوە ناسراوەکانی ئێران کە دژی پادشا بوون کە بێ سەرو شوێن کراون. حەمە تاڵ لەم زیندانەدا ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێت و خەوی لێ حەرام دەکەن. لەوبارەیەوە سەعید بەگی هاورێی گێڕاویەتیەوەو وتوویە: حەمە تاڵ لە نووستنیدا فێربووو چاوی بکرێتەوە، بۆیە هەر کاتێک پاسەوانەکان هاتوون، سەیری (حەمە تاڵ) یان کردووە چاوی کراوە بووەو وایانزانیوە بەخەبەرە.

(حەمە تاڵ) لەماوەی بەندکردنیدا خۆی فێری خوێندەواری کردووە، توانیویەتی قورئانی پیرۆز خەتم بکات، هەروەها فێری شەترەنج و ئەستێرەناسیش بووە.

لەو بەندکراوانەی لە زیندانداً لەگەڵیدا بوون (دکتۆر موسەددەق)[15]ی ناسراو، هەر لەوێش زیندانیەکی تری ناسیوە بەناوی (سەڵاح) کە ، کوڕی (ئەحمەد خانی بەلوە) بووە و باوکی یەکێک بووە لە پیاوە ناودار و ناسراوەکانی شاری بانە.

حەمە تاڵ پرسیاری لێدەکات کە بۆچی گیراوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: بەکرێ گیراوێکی کوردی شاری بانە بەناوی (حاجی مەلا نیعمەت) بەگرتنی داوە، ئەویش دڵخۆشی دەداتەوەو بەڵێنی پێدەدات کە تۆڵەی بسەنێت.

حەمە تاڵ لە زیندان رادەکات

حەمە تاڵ لەبەر زیرەکیی و بەتوانایی، هەمیشە لە زیندانداا بیری لە راکردن کردووەتەوە. زیندانەکەش لەبەرئەوەی توندو و تۆڵ و گەورە بووە و پاسەوانی تایبەتی پادشای ئێرانی بۆ دانراوە، بۆیە کەس نەیتوانیوە لەو زیندانە رزگاری ببێت. بەڵام حەمە تاڵ توانی بە زیرەکی خۆی بیشکێنێ و هاوڕێکەشی لەگەڵ خۆی رزگار بکات. دەڵێن: کات ئێوارە بووە، و زیندانییەکانیان دەرکردوون بۆ (تەوالێت)، لەوە فرسەت دەهێنێت و پەلاماری پاسەوانەکە دەدات و دەمو ملی دەگرێت تاوەکو دەیخنکێنێ، دوای ئەوە لەگەڵ سەعید بەگی هاوڕێیدا تفەنگی پاسەوانەکە دەبەن و خۆیان دەگەیەننە سەربانی زیندانەکە و لەوێش پاسەوانێکی تری لێدەبێت، حەمە تاڵ لە ناوی دەبات.

دیواری زیندانەکە لەبەرئەوەی بەرز دەبێت، سەعید بەگ ناتوانێت باز بدات، بەهۆی ئەوەی قەڵەو دەبێت، بۆیە بە پشتێنەکەی شۆڕی دەکاتە خوارەوە، خۆشی باز دەدات و رادەکەن، هەر دوو تفەنگەکەش لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

حەمە تاڵ بەهۆی شارەزابوونی بەئەستێرەناسی، زۆر بەئاسانی توانیوێتی شەو رێگا بکات، تاوەکو خۆیان گەیاندووەتە ئەفغانستان، بۆ پەیداکردنی خۆراکیش تفەنگەکانیان بە کاروانچییەکانی شەوانەی رێگاکە کە توشیان هاتوون فرۆشتوویانە.

لە ئەفغانستان دەگەنە گوندێک کە خەڵکەکەی ماتەمینییان پێوە دیار بووە، خەڵکەکەش بەشێوەیەکی غەریب سەیریان دەکەن، بۆیە بە گورجی دەیانبەن بۆ ماڵی دەسەڵاتدارەکەیان، کاتێک کابرا چاوی بەسەر و ریشی درێژیان دەکەوێت، بێئەوەی پرسیاریان لێبکات، رووەکاتە حەمە تاڵ و داوای دوعا و پاڕانەوەی لەخوا بۆ دەکات بۆ چارەسەری کوڕەکەی، تاوەکو لە مردن رزگاری بێت. حەمە تاڵیش داواکەی قبوڵ دەکا و دەچێتە سەر کوڕە نەخۆشەکەو دەکەوێتە پاڕانەوە لە خوای گەورە و هاوار بۆ حاجی کاک ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی دەکات.

ئا بەو جۆرە و بەجلوبەرگی ئەفغانیی و دەردەسەرییەوە، هەردووکیان دەگەنەوە سلێمانیی و دەبنە میوانی حەپسەخان و لە ماڵی خۆیدا میوانداریان لێدەکا. حەپسەخان بەخێرایی داوا لە پیاوێکی دەکات بچێت بۆ لای وەستا (رەشیدی

بانەیی) و وەستا (ئەحمەد) کە وەستای جلوبەرگ بوون، سەرو قات شەروالّ و ستارخانی بۆ حەمە تالّ و سەعید بەگ بدورن. لەوێ ماوەیەک دەمێننەوە و خۆیان رێک دەخەن، بەلّام حەمە تالّ ریشی ناتاشێت لەبەرئەوەی لە دوای لە سێدارەدانی رۆستەم خان، سوێندی خـواردووە کە ریشی نەتاشێت. رۆژی دوایی خەلّکیی بەپەرۆشەوە دەڕۆن بۆ دیتنی حەمە تالّ و سەعید بەگ تاوەکو بەخێرهاتنەوەیان بکەن.

حەمە تالّ لە ماوەی مانەوەیدا لە سلێمانی، هەولّی گەڕانەوەی ئەندامانی خێزانەکەی داوە، بەلّام بۆی ناچێتە سـەر، لەبەرئەوەی لە ئێراندا دەستبەسەر بـوون، بۆیە داوا لـە حەپسەخان دەکـات هەولّی ئازادکردنیان بۆ بدات، بەلّام ئەوێش لە هەولّەکەیدا سەرکەوتوو نابێت.

حەپسەخان بۆ دابینکردنی ژیانی حەمە تالّ و سەعید بەگ، ئەمیان دەکات بە باشچاوەشی پۆلیس و داوا لە حەمە تالّیش دەکات ببێت بە موعاونی پۆلیس لە شاری سلێمانی، بەلّام رازی نابێت، لەبەرئەوەی ئەندامانی خێزانەکەی دەست ناکەوێتەوە. بۆیە رای چـووەتـە سـەر ئـەوەی بۆ نـاوچـەی بانە لە ئێران بگەڕێتەوە، بۆئەوەش داوای چەک لە حەپسەخان

دەکـات، تـاوەکو دژایـەتـی دەسـەڵاتـدارانـی ئێرانی پێبکات، بەڵام حەپسەخان بۆی دابین ناکات، بۆیە لای حـەپسـەخـان بەجێدەهێڵێت و روو دەکـاتـە لای حـەمـە رەشـیـد خـــان[16]، بـۆ پـەیـوەندیکردن پێوەی بە ئامانجی یارمەتیدانی و گـەڕانـەوەی بۆ ناوچەکەی بۆ تێکۆشان و دژایەتیکردنی پیاوانی دەسـەڵاتـدارانـی دەوڵـــەت. سـەرەتـا ئـەوە دەڵێین: لەگەڵ ئەوەی (حەمە رەشید خان) وەک کەسایەتی و فەرماندەیەکی چـەکدار و جەنراڵێکی کۆماری کوردستان لە (مەهاباد)، لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری (بانە)ی خۆرهەڵاتی کوردستان بووە. لەهەمانکاتدا (حەمەتاڵ) هاوڵاتییەکو دواتـر چەکدارێکی یاخی ئـازای گوندی (شـوێ) سـەر بـەشـاری بانە بـووە، بەڵام پەیوەندی نێوانیان زۆر نەبووە. راستە (حەمە رەشید خان و حەمە تاڵ) هاوسەردەمی یەک بوون لە قۆناغێکدا بەوەی (حەمە رەشید خان) لە نێوان ساڵانی (1889. 1974ز)، ژیـاوە و (حەمە تاڵ) یش لـە نـێوان سـاڵانـی (1890. 1937ز) ژیـاوە، بەڵام بە بەراورد لەوەی هەردوو کەسایەتی زێدی ناوچەیەک و هاوسەردەم بوون، سەرباری ئەوەی هەردووکیان نەیاری دەوڵەتی پادشایەتی پەهلەوی

ئێران بوون، بەڵام پەیوەندییەکانیان بەو شێوەیە نەبووە. ئەوەندەی باس دەکرێ، کاتێک (حەمە تاڵ) لە زنیدانیی (قەسر) لە تاران رادەکات و بۆ جاری دووەم خۆی دەگەیەنێتەوە کوردستان، (حەمە رەشید خان) لەنێوان ساڵانی (1928. 1930ز) دەست بە چەند جموجوڵێکی چەکداری دەکات دژ بە دەوڵەتی پادشایەتی پەهلەویی لە ناوچەی بانە و چەندین گوندی سەر بە قەزای بانە لەبەری خۆرهەڵاتی کوردستان ئازاد دەکات، ئەو رووداوە هاوکات بووە لەگەڵ گەڕانەوەی (حەمە تاڵ) بۆ ناوچەکە و ئازادبوونی لە زیندانی دەوڵەتی ئێران. هەربۆیە سەردانی (حەمە رەشید خان) دەکات لە گوندی (شوێگوێزان)ی سەر بەقەزای پێنجوێن و باسی ژیانی خۆی و زیندانیکردنی بۆ دەکات، بەتایبەت دوای ئەوەی (حەمە رەشید خان) دەزانێ کە (حەمە تاڵ) لە تۆڵەی کوژرانی (رۆستەم خانی قوربانی) بەدەستی (محەمەد خانی شەریف ئەلدەولە) ناسراوەبە (شەریف قەساب). دەستی داوەتە چەک و ئەتکی چەند ئەفسەر و سەربازی ئێرانی کردووە، هاوکاری دەکات. بەهۆی ئەوەی گەڕانەوەی (حەمە تاڵ) بۆ ناوچە سنووروییەکانی (خۆرهەڵات و باشور) هاوکات

بووە لەگەڵ کۆتایی چالاکیەکانی (حەمە ڕەشید خان) دژ بە دەوڵەتی ئێران، هەربۆیە دەرفەتی پێ نادرێ لەگەڵیدا بەشداری بزوتنەوە چەکداریەکەی بکات. لە بەرامبەردا (حەمە ڕەشید خان) بەپێی گێڕانەوەکان (هەشت) چەکی جۆری (یانزە تیر) و (برنەو)ی پێدەدات تا بتوانێ بەهۆی کەسە نزیکەکانی بەرگری لە خۆی پێبکات. ئەوەش کاتێک دەزانێ حەمە تاڵ لە زیندانی دەوڵەتی ئێران رایکردووە و دەوڵەتی ئێران بە شوێنیدا دەگەڕێ. واتە پشتیوانی حەمە ڕەشید خان بۆ پارێزگاریکردن بووە لە (حەمە تاڵ). تەنانەت قاتێک شاڵ و جوتێک کڵاش و بڕێک پارەی پێدەدات کە دەڵێن (25) دینار بووە. (حەمە تاڵ)یش بەو هاوکارییەوە خۆی دەگەیەنێتە لای (سەید عەتای مەریوانی) کاتێک دەزانێ لەوکاتەدا لەدژی دەوڵەتی ئێرن ڕاپەڕیوە.

ڕووداوەکانیش ڕاگوزەر دەکەن کە دوای ئەو دیدارە (حەمە ڕەشید خان) لەلایەن دەوڵەتی پادشایەتی ئێرانەوە دووردەخرێتەوە بۆ شاری مووسڵ.

هەوڵەکانی حەمە تاڵ
بۆ بەردانی ئەندامانی خێزانەکەی

لەکاتی گواستنەوەی ئەندامانی خێزانەکەی حەمە تاڵ و سەعید بەگ بۆ گەڕاجی سەقز و زیندانی کردنیان، بـرای خێزانەکەی حەمە تاڵ بەناوی عەبدولقادر، هەر بە دوایـانـەوە دەبێت بۆ رزگارکردنیان. لـەو هەوڵەیدا عەبدولقادر بەهاوڕێیەکی دەگات بەناوی حاجی محەمەد (ئارجومەد)، پێیدەڵێت: بۆ ناچیت بۆ لای (شەریف) کە ئەمشەو سەرهەنگ (نەخجەوان) لە ماڵی ئەوان میوانە و شەریفیش پیاوێکی بەدەسەڵاتە، بەڵکو روو لەسەرهەنگ بنێت بۆ ئازادکردنی منداڵەکانی هـەردوولایـان، ئەویش پێشنیارەکەی بـەلاوە پەسەند دەڤێت، بۆ ماڵی شەریف دەڕوات، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی ناشیرین وەڵامی دەداتەوە و دەریشی دەکات. پاش ماوەیەک ئەم هەواڵە دەگاتەوە بە حەمە تـاڵ، ئـەوەش دەبێتە مایەی رق و تووڕەیی زۆری حەمە تاڵ بەرامبەر شەریف. بۆیە هەواڵ دەنێرێت بۆ عەبدولقادر کە تکا بۆ بەربوونی منداڵەکانی نەکات، هەروەها پێڕادەگەیەنێت: خوا پشتیوان بێت رزگاریان دەکەم. دواجار عەبدولقادر لەبەرئەوەی نەیویستووە ئەو ئافرەت و منداڵانە هەروا بمێننەوە، بۆیە ناچار بووە بە کەفالەت ئازادیان بکات. تۆڵە سەندنەوەو رقیش لای حەمە

تاڵ ماوەتەوە. هەتاکو ڕۆژێک خۆی دەگەیەنێتە شاری سەقز بۆ گرتنی شەریف، بەڵام بەردەستی ناکەوێت، چونکە لەوێ نابێت، پێیدەڵێن: بۆ گوندی (ئاوێنە ئانی) ڕۆشتووە، حەمە تاڵ بەوەش ناوەستێت، بەشەو خۆی دەگەیەنێتە گوندەکە، بەڵام لەوێش بەردەستی ناکەوێت، بۆیە دوان لەخزمەکانی بەناوەکانی میرزا غەفورو (کوێخا کاکەمە) دەگرێت و دەیانبات بۆ گوندی (وێنە) لەو بەشەی تری سنووری کوردستانی عێراق و لە شاخی (قەرش دابان) لەئەشکەوتێکدا بەندیان دەکات. پاش ماوەیەک شەریف خۆی دەگەیەنێتە بانە و دەچێتە ماڵی حاجی حەمە عەزیز و سۆفی سەعان، داوایان لێدەکات کە بۆ لای عەبدولقادر بچن و تکای لێبکەن کە ببەخشێت، ئەوانیش لەگەڵ چەند پیاوێکی شاری بانە و شەریف لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و دەچن بۆ ماڵی عەبدولقادر. لەوێ بەگەرمی پێشوازییان لێدەکاتو زۆر ڕێز لەشەریف دەگرێت، ئەویش داوا دەکات کە هەوڵ و تەقەللای لای حەمە تاڵ بۆ بدات، بەڵکو خزمەکانی بۆ بەربدات. ئەویش بەداواکەی ڕازیدەبێت و نامەیەک بۆ حەمە تاڵ بەواژۆی (عەبدولقادر و سۆفی سەعان و حاجی حەمە عەزیز و میرزا فەتحوڵڵا)، بەدەستی شێخ فەرەج دەنێرێت بۆ حەمە تاڵ. پاش گەڕانەوەی شێخ فەرەج لای حەمە تاڵ، جەندرمەکان دەستگیری دەکەن. حەمە تاڵ خزمەکانی شەریف ئازاد دەکات، داواش لە شەریف دەکات هەوڵبدات شێخ فەرەج ئازاد بکات.

(حەمە تاڵ) و گرتنی زەرغام

زەرغـام ناوێک، لێپرسراوی دارایی دەبێت لەشاری بانە، لە ماوەی کارکردنیدا بۆ خزمەتی دەوڵەتی ئێران، ستەمێکی زۆر لە خەڵکی ناو شارەکەو دەوروبەریدەکات، بەتایبەتی جوتیارە هەژارەکانی (بانە). وەکو لێیدەگێڕنەوە، دەڵێن: زۆر ناڕەحەتیی نواندووە بەرامبەر دانیشتوانەکە. جوتیار عەبدوڵڵا گوڵچین کە یەکێک بووە لەو کەسانەی کاتێک لە لایەن رەزا شاوە بڕیاری لەبەرنەکردنی پۆشاکی کوردی لە کوردستاندا دەرچـووە. زەرغام ئەو ئەرکەی خستووتە سەرشانیی و کراوەتە لێپرسراو و چاودێری خەڵکەکەی کـردووە، تا ئەو جلوبەرگە لەبەر نەکەن. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەشی رۆژانـەا چەند جەندرمەیەکی لەگەڵدا بۆ دادەنێن.

بۆ ئەم کارە نایاسایی و ناڕەوایە، زەرغام لەگەڵ چەند جەندرمەیەکدا رۆژانە دەکەوێتە ناو کووچە و کۆڵانەکانی شاری بانە و خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی دەکەونە بەر شاڵاو و، هەروەکو دەڵێن: هەر پیاوێکی بە جلوبەرگی کوردییەوە بگرتایە، سەرو کڵاوەکەیان لەسەر دەکردەوە و دەیانخستە ژێر پێیانەوە، هەربەوەش نەدەوەستان، بەڵکو تفیان لە ئافرەتیش دەکرد، ئەگەر جلوبەرگی کوردی لەبەردا بووایە. ئەم کارە ناڕەوایەی زەرغـام، دەگاتەوە

بە حەمە تاڵ، ئەویش خەبەری بۆ دەنێرێت کە واز لەم کارەی بهێنێ، چونکە کوردەو شەرمە بۆ ئەو ، با دەست هەڵبگرێت، ئاگاداریشی دەکاتەوە ئەگەر واز نەهێنێت، بۆ هەموو کورد ئاقڵ، یان ئەتکت دەکەم.

حەمەی حەمە تاڵ دەیگێڕێتەوە: من منداڵ بووم بۆ قورئان خوێندن ئەچووم بۆ دووکانی خەلیفە حەمەی مامم، نزیک مزگەوتی حاجی وەیسی، بەرامبەر ئاسنگەری (حاجی رەسوواڵ و حەمە کۆڵ)، زەرغام بەرەو رووم هات و شەقێکی تێهەڵدام و جنێوی بە باوکم دا، بەوەی هەڕەشەی لێکردووم، بەڵام دوای چەند رۆژێک بڵاوبۆوە کە حەمە تاڵ لووت و گوێی زەرغامی بڕیوە. ئەو کارەی حەمە تاڵیش بەلای خەڵکی شاری بانەوە شوێنی خۆشیی و بەشارەت بوو کە لەو دڕندەیە رزگاریان بووە. ماوەیەک دوای ئەوە زەرغام لە بەرچاوی خەڵکەکە دیارنەماوە و قەدەغەکردنیش لەسەر جلوبەرگی کوردی لابراوە.

یەکێکی تر لەو کەسانەی کەوتووەتە بەر تۆڵەسەندنەوەی حەمە تاڵ، ناوی (ناڵە کۆستە)یە، ئەو لە پیاوە ناسراوەکانی شاری بانەیە، لە زمانی خۆیەوە گێڕاویەتەوەو دەڵێت:

من کابرایەکی پوولەکیی بووم، حەمە تاڵ فێری زەکات و سەرفترە و یارمەتی هەژارانی کردم. لەو رووەوە حەمەی کوڕی حەمە تاڵ دەڵێت:

کاتێک منداڵ بووم، باوکم لە ژیاندا نەمابوو، مامە

ناله بانگیکردم دوو قرانی دامێ و دەستی بەسەرمدا هێناو ماچیکردم، لە دوکانەکەیدا لای خۆی داینام، ئەم سەرگوزەشتەیەی بۆ گێڕامەوەو وتی: رۆڵە ماوەی 4 - 5 مانگ لە خزمەت باوکت بووم، خزمەتێکی زۆری کردم، راستە بڕی (4) هەزار تمەنی لێسەندم، بەڵام گەردنی ئازاد بێت. وەکو باسیدەکات، شەوێکیان لە ماڵەوە بووم کاتێکم زانی بەدوامدا هاتن و بردیانم بۆ لای حەمەتاڵ، ئەویش لەبەرم هەستاو رێزی لێگرتم، دواتر پێیوتم: مامە تالە دەزانیت تۆم بۆچی هێناوەتە ئێرە، منیش وتم نەخێر، پێیوتم سوێندت بەخوای گەورە دەدەم، تاکو ئێستا زەکات، یان سەرفترەت داوە، منیش وتم: قوربان بەچی بیدەم، من نیمە، درۆم لەگەڵدا کرد. حەمە تاڵ لەبەرئەوەی منی دەناسی، بۆیە سوێندی لێخواردم بە حاجی کاک ئەحمەدی شێخ لە دەست حەمە تاڵ رزگارت نابێت، تا چوار هەزار تمەنت لێنەستێنم، دوایی پارەکەیان بۆ ناردم، منیش هاتمەوە بۆ بانە و بڕیارم دا هەرکات تۆ ببینم ناوچەوانت ماچ بکەم و هەموو هەنییەکیش دوو قرانت پێبدەم.

گەڕانەوەیەکی تۆ بۆ لای حەمە تاڵ، ئەو بەڵێنەی لە زیندانداً کە دابووی بە (سەلاح) بۆی هێناوەتە دیی و لەشاری بانە (حاجی مەلا نیعمەتی بەکرێگیراو) کە (سەلاح) ی ئەحمەدی خانی بلەوەی بەگرتن دا بوو دەبات، ماوەیەک بەندی دەکاو، دوایی گۆشتی هەردوو ژێر پێی هەڵدەکۆڵێت و بەسەقەتی بەریدەدات.

حەمە تاڵی بانە و سەید عەتای باینچۆیی

وەکو دیارە، سەید عەتا، یەکێک بووە لە دانیشتووی گوندێکی دەوروپشتی سنە، دواتریش هاتوەتە بەشی مەریوان، مالّی باوکی دانیشتوی گوندی هەنجیرە بـوون. یاخی بوونەکەشی بەپێی سـەرچـاوەکـان وەکو دەڵێن: لەسەر پرسی ژن و ژنخوازی بووە. خۆشی پیاوێکی باڵا کورت و لێوی کەلبووە. سەید عەتا ماوەیەک لەگەڵ حەمە تاڵ هاوپەیمان بووەو نێوانیان خۆشبوە. وەکو دەڵێن: ناکۆکی دەکەوێتە نێوان حەمە تاڵ و سەید عەتا لەسەر مەڕو مالاتی لای مـەریـوان، هەندێکیش دەڵـێـن گـوایـە پیلانی دەسەڵاتی ئێرانی بووە، بۆی رێکخراوە و لەڕێگای سەید عەتاوە لەناویان بردووە. لەبەرئەوەی حەمە تاڵ لە سەید عەتا بەتواناتر بووە، بۆیە نەیتوانیووە بەرامبەری رابووەستێت. بۆ لەناوبردنی حەمە تاڵ بەفێڵ پیلانێک لە ژێر پەردەی برایەتیدا رێکدەخات، بەناوی دەعوەتی نانخواردن بۆ حەمە تاڵ، ئەویش رازی دەبێت و دەچێت، دەعوەتەکەش لەسەر کانی (بالیکبەر) دەبێت لە ناوچەی (شلێر و ناوخان).

حەمە تاڵ لەگەڵ خۆیدا (7) کەس لە چەکدارەکانی دەبات. لە زمانی یەکێک لە چەکدارەکانی بە ناوی خولە قەویلەیی، گێڕاویەتەوە و وتوویەتی: لە کاتی چوون بۆ دەعوەتەکە لە رێگا بە (حەمە تاڵ)م وت: ئەمشەو لە خەومدا گورگ بەرانە گەورەکەی خواردین، پێم باشە ئەم دەعوەتە نەچیت، نەوەک سەید عەتا غەدرمان لێبکات، بەڵام من لە قسەکردندا بووم حەمە تاڵ لێم تووڕەبوو، پێی وتم: زۆر هیوام بەتۆ بوو، بەڵام زۆر عەیبە تۆ، لە سەید عەتا دەترسیت، ئینجا دەستی کرد بە سوێندخواردن بە گۆڕی کاک ئەحمەدی شێخ کە دەچم نە تفەنگ و نە دەمانچەو و نە خەنجەریش لەگەڵ خۆمدا نابەم، منیشی دایە دواوە و نەیهێشت لەگەڵیدا بڕۆم، جارێکیتر خولە قەویلەیی دەڵێت: من لەو ناوچەیە مامەوە، بە پرسیار و وەڵام وەرگرتنەوە بۆم دەرکەوت کە لەکاتی دانیشتندا سەید عەتا پرسیار لە حەمە تاڵ دەکات، ئەوەش دەزانێت کە لە (7) کەس زیاتر کەسی تری لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە، جێگای چەکدارەکانی حەمە تاڵیش لە ناوچەی شلێر و ناوخان دەبێت. ئیتر بە قسەی خۆش تا کاتی نانخواردن بەسەردەبەن. حەمە تاڵ لە کاتی نانخواردندا دەبێت، هێشتا پاروەکەی لە دەمدا دەبێت لە دواوە بەدەستی (بلە غەزال) بەر گوللە دەدرێت، لە هەمان کاتیشدا چوار دەوری

پیاوە بێچەکەکانیشیان لێدەگرن و ئەوانیش دەدرێنە بەر دەسرێژی گوللە و دەکوژرێن.

دەڵێن: کاتێک حەمە تاڵ لە دواوە دەپێکرێت لە رقی خۆیدا پەلاماری سەید عەتا دەدا و دەستی دەشکێنێت، دوای ئەوەی سارد دەبێتەوە لە دەستی دەربـاز دەبـێت، حەمە تاڵیش دەمـرێت. وادیـارە رووداوەکـە بۆ سـاڵ 1937ی سـەدەی ڕابـردوو بگەڕێتەوە.

تۆڵە سەندنەوە لەسەید عەتا

دوای ئەو خراپەکارییەی سەید عەتا کە بەکوشتنی حەمە تاڵ کۆتایی هات، خەڵکی بانە و سلێمانی، رقی زۆریان لە سەید عەتا هەڵگرت، خۆشی سەید عەتا بێ پشت و پەنا ماوەتەوە، بۆیە هەر زوو هەست بە پەشیمانی دەکات. سەرئەنجام جەندرمەی ئێرانی بە تەنسیق لەگەڵ پۆلیسی حکوومەتی عێراق لە هەولێدا دەبن بۆ لێدانی سەید عەتا. هەروەکو دەڵێن: کاتێک گەمارۆی سەید عەتا دەدەن، دەبێت بەشەڕ، ئەوساش لەناو کوردەواریدا شەڕە جنێو باو بووە، بۆیە سەعید بەگی هاوڕێی گیانی حەمە تاڵ، هاوار دەکات و دەڵێت: هۆ هۆ عەتا کەل ئەگەر پیاویت تۆزێک خۆتم بۆ دەرخە، تاکو بە دەستی خۆم تۆڵەی (حەمە تاڵ)ی برامت لێ بستێنم، سەید عەتاش وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: هۆ هۆ سەعە مەشکە، گا، ورگە، من ئەو رۆژە مالّی خۆمم وێرانکرد کە بە دەستی خۆم (حەمە تاڵ)ی پشتیوانی خۆمم کوشت، ئەگینا ئەو پیاوە نەبووی بێیتە سەر من.

دیسان باسدەکەن و دەگێڕنەوە، لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیشدا ئەم باسە هاتووە و بەشێوەی بالۆرە گوتراوە. وەکو دەڵێن: سەید عەتا و سەعید بەگ لەسەر قەرەوڵی تفەنگەکانیان یەکتری

دەدۆزنەوە و نیشانی یەکتری دەکەن، لەیەک کاتدا گوللەی تفەنگەکانیان ئاراستەی یەکتری دەکەن، هەر بەوە لەیەککاتدا هەردووکیان دەکوژرێن، بەوەش پرسی سەید عەتا کۆتایی دێت.

جارێکیتر خولە قەویلەیی لەسەر کوشتنی حەمە تاڵ دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: خۆشەویستیم بۆ حەمە تاڵ وایلێکردم دوای تۆڵە سەندنەوە لە بکوژی حەمە تاڵ بکەوم. خەبەرم زانی (بلە غەزال) چووەتە لای مەحموود[17] خانی دزڵی، منیش پەیوەندیم بە خانەوە کرد و لای ئەو مامەوە. هەروەها دەڵێت: لە کاتێکدا سوپای ئێران هێرشی بردە سەر مەحموود خانی گەورە شۆڕشگێڕی کورد و لەگەڵیاندا لەشۆڕشدا بووین، بە فرسەتم زانی تۆڵە لە بلە غەزال بکەمەوە و تەقەم لێکرد و لەسەر ئەسپەکەی بەرمدایە خوارەوە و گوێچکەشیم بڕی و بۆ کەسوکاری (حەمە تاڵ)م لەشاری بانە ناردەوە.

حەمە تاڵ،
لە هۆنراوەی شاعیرە میللیەکاندا

خۆشەویستیی حەمە تاڵ، لای شاعیرە میللییەکانیش رەنگی داوەتەوە، ئەوەتا بە هۆنراوەکانیان هەست و سۆزی خۆشەویستی بۆ ئەو گەورە شۆڕشگێڕەی کورد دەردەخەن کە مێژووەکەی خەرمانێکی گەورەیە بۆ خۆشەویستیەکەی لای شاعیران و گەلی کورد.

لە یەکێک لەو دوو دێرە شیعرە فۆلکلۆرییەدا هاتووە، کە پێوەی دیارە دوای غەدر لێکردنی کوشتنەکەی حەمە تاڵ گوترا بێت، شۆاعیر دەڵێت:

دەستم برد بۆ خەنجەر　　خەنجەر لە کێلان نەبوو

دەستم برد بۆ دەمانچە　　دەمانچەم پی نەمابوو

دیارە، ئەوە لەو بۆنەیەدا گوتراوە و بە پێی ئەو چەند دێڕەش بەڵگەن کە حەمە تاڵ بێ چەک بووە لە کاتی نانخواردنەکەیدا.

لە هۆنراوەی شاعیرێکی میللیی تردا کە بەسەر (حەمە تاڵ)دا هەڵیداوەو لە چەند دێڕێکدا کە دەیانخەینە بەرچاو و لە ناوچەی شلێر و ناوخان بە گۆرانی وتراوە، بەڵگەیەکی تر بۆ خۆشەویستی حەمە

تاڵ، لای شاعیرەکە بەوشیۆەیەی کە ناوی هەرگیز لەبیرناچێتەوە. هەروەکو ئەوەی هۆنیارەکە دەڵێت:

کاڵێ هۆ کاڵێ تۆم (حەمە تاڵ)ی

تۆم مەئمور مەرکەز ناحیەی خورماڵی

یاوەکو لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

کاڵێ هۆ کاڵێ خەنجەر لاقەدی

هەروەک حەمە تاڵ خێر لە خۆ نەدی

هەروەها لە دێڕێکی تردا کە دەماو دەم وتراوەتەوە دەڵێ:

هەناری گوڵ هەناری، هەناری دانە دانە

سەرە ڕێگەی لێدەگرم، وەک حەمە تاڵی بانە

بە مانای حەمە تاڵ سەرە ڕێی لەوانە گرتووە کە دوژمنی بوون، لە پیاوانی سیخوڕی رژێم، بەدوایدا گەڕاون بۆ لەناوبردنی.

شاعیری بەوەفاو خزمەت بەئەدەبی کوردی سەلام مستەفا، جارێکیتر هەواڵی پێدام، کە لە دەمی پیاوێکی بەسالاچووی سلێمانی هەندێک لەو کۆپلە شیعرانەی دەستکەوتووە کە بەفۆلکلۆر دەتوانین ناویان بهێنین، کە زیاتر هەڵدانن بەسەر حەمە تاڵ و ئەو رۆڵەی دیویە دژ بە پیاوانی دەسەڵاتداری رۆژگاری ڕەزا شا. ئەوەتا لەم کۆپلەیەدا بابەت ئاسا شاعیری نەناسراو هاتووتە زمان و دەڵێت:

بە شانۆ شەوکەوت وەک حەمە تاڵی

دۆعات بۆ دەکەم هەرگیز نە ناڵی

ئەمە وەسفێکە بۆ ئازایەتی حەمە تاڵ گوتراوە و دوعای خێریشی بۆ ئەو کەسە کردووە کە بە شان و شەوکەت وەک ناوبراوە. بە مانا حەمە تاڵ لای شاعیری نەناسراو مرۆڤێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو توانیوێتی رۆڵی گەورە ببینێ بۆ دژایەتی سوڵتەو خزمەت بە هەژارو ستەملێکراوی گەلەکەشی بکات.

لە بەشێکی تری شیعرەکەداو لە کۆپلەیەکی تریدا جارێکیتر دەڵێت:

هەر جارە جارێ کەوا دێیتەوە

بۆن حەمە تاڵم بۆ دێنیتەوە

بەم دوو دێڕەدا دەردەکەوێت کە ئەو کەسەی شاعیری نەناسراو ناوی نەهێناوە، یەک بووە لە چەکدارەکانی حەمە تاڵ و هەرکاتێک هاتبێتەوە بۆ ناو کەسوکاری هەواڵی حەمە تاڵی پێگەیاندوون.

جارێکیتر شاعیر لە کۆپلەیەکی تری شیعرەکەیدا ناوی فۆلکلۆرمان لێناوە، دەڵێت:

کاڵێ هۆ کاڵێ چاوم لەڕێیە

سوارەی حەمە تاڵ ها لەناو دێیە

لێرە شاعیر بانگی حەبیبەکەی دەکاو بەدەم هاوارەوە خۆشی پێدەداو پێیدەڵێت، کە سوارەی

چەکداری حەمە تاڵ لەناو دێیە، تاوەکو ئاگادار بێت. ئەوەش بەڵگەیەکی تر‌ە کە حەمە تاڵ و سوارەو چەکدارەکانی سەبارەت بەو رۆژگارە گەلێک خۆشەویست بوون، چونکە دژی ستەمدار جووڵاونەتەوەو حەقی خوراویان بۆ خاوەن حەق گێڕاوەتەوە.

لەلایەکی تریشەوە و لەکۆپلەیەکی تردا شاعیر حەبیبەکەی ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێت:

کاڵێ هۆ کاڵێ روو بە خاڵەوە

حەمە تاڵە کەم ها وەیاڵەوە

بەمانا شاعیر ئاگاداری کاڵێ دەکات، و دەریدەخات کە روو بەخاڵ بووەو پێیدەڵێت: کە حەمە تاڵ بەردەوامە لەبەرەنگاربوونەوەی دژ بەستەمکارانو ئەوەتا بە یاڵەوە کە نزیک بە شوێنی حەبیبەکەی بووەو لەشەڕدایە دژ بە داگیرکەران، و ئەوانەی نانی هەژار و لێقەوماوان دەخۆن.

جارێکیتر شاعیری نەناسراو حەبیبەکەی بەناوی کاڵێ ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێت:

کاڵێ هۆ کاڵێ وەرە بەملاوە

حەمە تاڵەکەم ها لەمیاندواوە

ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ وتنی شوێنی حەمە تاڵ بە کاڵێ، گوایە لەمیاندواوە. دیارە دەبێت لەشەڕدا بێت. میاندواویش شارێکی کوردنشینەو لەسەردەمی کۆماری مەهابادا ناوی زۆر هاتووە کە شەڕی قورسی تێدا بووە.

مامۆستای هونەرمەندی گەورە، (ناسڕی رەزازی)ش، بەخامەکەی چامەیەکی بۆ گەورەیی حەمە تاڵ نەخشاندووە بەناوی: بەیتی حەمە تاڵ. رێزدار رەزازی لە چامەکەیدا، لە رۆژگاری حەمە تاڵ دا دێتە سەر باسی کوردستانی جگەر سووتاوو، کە لە دەردو زووخاودا کورد ژیانی ناڕەحەتی بەسەربردووە، شێرە ژنێک کە مەبەستی دایکی حەمە تاڵە، کوڕێکی نازداری بووە،ۆ ناوی حەمە تاڵی لێنراوە. کوڕە لە گەورەبوونیدا ماڵ و حاڵ بەجێ دێڵێتو دەکەوێتە سەر ئەو باوەڕەی ئەو ژینە تاڵە بەڕەوا نەبینێو بەرگی زەلیلی لەخۆی دامالێت. ئێوەو چامەکەی زێدەخۆشەویست، ناسری رەزازی:

بەیتی حەمە تاڵ
لەکوردستانی جگەر سووتاوا
لە گۆڕەپانی دەرد و زووخاوا
شێرە ژنێکی نازای کورد پەروەر

لای خەڵکی وریا و سەلار و سەروەر
لە لای سەر شیوی نزیک لە بانە
لە ناو ئازار و دەردی زەمانە
دەبێت بە خاوەن کوڕێکی نازدار
ئازا و بە جەرگ و زیرەک و دڵدار
بە پێی کولتووری ئا ئەو سەردەمە
دایکەکەی کوڕە ناودەنێ حەمە
کوڕ گەورە دەبێ و لە پڕ هەڵ دەدا
لە هیچ ئاقارێک قەت نادا هەدا
تێ دەگات کوردە و داماو و بندەست
گەل و خاکەکەی یەخسیرە و ژێر دەست
ئاخرەکەی ماڵ و حاڵ بەجی دێڵێت
شەو و رۆژ ڕێگای مەبەست دەکێڵێت
تا دەکەوێتە سەر ئەو بڕوایە
ئەم ژینە تاڵە بە کێ ڕەوایە
چۆن دەبێت بەرگی مەبەست دامانێت
دۆخی بندەستی لە خۆی ڕامانێت

خۆزگە لەو بابەتانەم زیاتر دەستدەکەوتن، تاوەکو بتوانم زۆرتر خزمەتی مێژووەکەی بکەم، چونکە بەشێکە لە مێژووی سەردەمی کورد.

پوختەی باسەکە:

رۆژگـاری بەرهەڵستکاریی و دژایەتیکردنی دەسـەڵات بـەهـۆی ستەمی زۆریـانـەوە، هـەردوو بـەشـەکـەی بـاشـوورو رۆژهـەڵاتـی کوردسـتـانی گرتووتەوە. ئەمەش لە کاتێکدا سـەری هەڵداوە، کە ستەم لەسـەر کۆمەڵگە لەوپەڕی توندو بەهێزیدا بـووەو دەسـتـی ئـاغـاو دەرەبـەگ بەپشتبەستن بەیارمەتی دەسـەڵاتی نـاوەنـد، دژیـان جـوولاوەو ئەو رۆڵـەی گێڕاوە. هۆکاری ئـەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازبوونی بزووتنەوەی کوردی لەخۆرهەڵاتی کـوردسـتـانداو وەسـتـاندنی شـۆڕشـێکـەی شێخی بەردەقارەمان لەباشووردا، کە بەڵگەی سەلمێنەر بوون بۆ دروستکردنی یاخیبوونی فەردی، ئەوانەی بەدەست پیاوانی رژێم و ستەمیانەوە بێزار بوون. ئەوەتا یەکێکی وەکـو حەمە تـاڵ لە ناوچەی بانە سـەرهـەڵـدەداو دەبێتـە لایـەنـگری شێخ مەحمود لـەشـەڕی مـیـانـدواو دژ بـە دەسـەڵاتـی قەیسەری رووسیای تزاری ساڵی 1915 دەجەنگێت.

لـە گـونـدی باینچۆی مەریوانیش سەید عەتا، هەمان رۆڵـی گێڕاوە کە دەستی دەوروبـەرەکـەی

لە پرسەکەیدا، رۆڵی هەبووە، بۆ خزمەتکردنی و مانەوەی لەبیستەکانی سەدەی رابردوو هەتاکو دەگاتەوە بەناوەڕاستی سییەکان.

لەباشووریش خولە پیزە لەسەرەتای چلەکانی سەدەی رابردوو کەمتر لەوان دەستی نەبووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەوتووەتە بەر ستەمی رژێمی داپڵۆسێنەری پادشایەتی پۆلیسی (1922 - 1958) کە بەردەوام لەمانەوەدا بوو هەتاکو ساڵی 1958، بەدوای خۆشیدا براکانی دەوریان گێڕا هەتاکو ساڵی 1955، بەڵام خیانەتی جاشی کورد مەودای نەدان درێژە بەتێکۆشانیان بدەن. لێرەدا پرسیار دەکەین و رووی دەمم دەکەمە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەرهەڵستکارییەکانی حەمە تاڵ و سەید عەتا و مەجید شانەشینی تێدیا سەریان هەڵدا. کە ئایا نەدەکرا ئەوانە ببنە خاوەن بیرێکی سیاسی شۆڕشگێڕی بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان و لەبەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە و دژ بە یەکتری نەبن بۆ رزگارکردنی نەتەوەکەیان؟ وا دیارە وەڵامی پێویست لەو رووەوە نییە. لەمەدا بۆ ئەوە دەچم پەنابردنیان بۆ ئاغاو دەرەبەگەکانی ناوچەکانیان لەو خزمەتە دووری خستوونەتەوە، بۆئەوەی بەردەوام هەر لە خزمەتی ئەواندا بن. خۆ

ئەگەر جاروباریکیش بەلای هەژاراندا شکاندبێتیانەوە، ئەوە لە حیسابەکەیانی نەگۆڕیوە، دژایەتی یەکتریان کردووە، بۆئەوەی کۆسپ بۆ ئاغای رژێمیان نەمێنێ و بەر ببنە گیانی یەکتری، کە دەستی ناوەند تێیاندا و لە رێگەی پیاوەکانیەوە بەجێگەیەنراوەو بالا بووە. بەلای منەوە جگە لەو هۆکارەش، هی تریش بووە کە حاڵەتە دەرونیەکە دەوری بینیوە، کە حەزیان بەوە کردووە، هەر یەکەو لە هەوڵی ئەوەدا بووە هەر خۆی هەبێت، نموونە بۆئەوەش دەوری سەید عەتایە لە کوشتنی حەمە تاڵی بانەدا، تا ئاژاوە نەبڕێ و دژ بەیەکتر لاوازیان بکەن.

وا دیارە پیاوی ئازا ئەوەی لە داب و نەریت لەکۆمەڵگە دا بۆ ماوەتەوەو بیری عەشیرەتگەرێتیش رۆڵی خۆی بینیوە بۆ لابردنی بەربەست لەڕێیدا، تا هەر خۆی گەورەی مەیدان بێت. کە هەبووە لە ناویاندا سەرکەوتوو بووەو توانیویەتی بەناوی خزمەت بەهەژاری ناوچەکە بۆ ماوەیەک بمێنێتەوە. کە ناوی (رۆبن هود)ی کوردی لێ نراوە، لەوانە جەعفەر ئاغای شکاک و (حەمە تاڵ)ی بانە.

ئەوەش دیارە ژیانی یاخی بوونیش، هەتاکو سەر نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە تێکۆشانیدا،

چونکه هـــەردەم لـە ژێـر گـوشـار و چـاودێـریـدا بوون بۆ هەر لایەک چووبن. لە لایەکی تریشەوە نەبوونی فیکرێکی سیاسی روون لایان وایکردووە ئاسۆی بیرکردنەوەیان تەسک بێت، لە هەمان کاتیشدا لە یەکتریش ئەمین نەبوون، بۆیە هەموو ئەمانە زۆرجار وایکردووە لە حکوومەت لەترسی گیانیان نزیک ببنەوە، وەکو ئەو دەورەی سەید عەتا گێڕاوێتی لە مێژووەکەیدا و داوای لە رژێمی ئێرانی کردوە لێپرسراوێتی پێبدەن، تا بەیەکتری بەکوشتیان بدات. ئەمەش بەری رۆژگارێکە لە مێژووی کوردا، کە دوور لە عەقڵ و مەنتیق بۆ خزمەتی بێگانە، بەو جۆرە کاریان مەیسەر کردووە.

سەرچاوەو پەراوێز:

1. نەسرەدین شا، لە 6ی سەفەری 1247ی قەمەری لە دایکبووە، لە 18ی شوالی 1264، لە تەمەنی 17 ساڵیدا لە تەورێز دەسەلاتی گرتووەتە دەست، کە چواردە ساڵان بووە. (گلین) خانم بووەتە خێزانیی و ساڵی 1269 موزەفەرەدین شا لە دایک بووە.
لە 17ی زیلقەعدەی 1313ی قەمەری کە هاوکاتە لەگەڵ (10)ی جەنوەی 1896 کوژراوە. ئەو کاتێک کوژراوە (85) ژنی هەبووە.
بڕوانە: دکتر رەزا نیازمند، رچا شاه ازتولد تاسلگنت، حکایت قلم نوین، 1387، چاپ ششم، ص 78.
2. علی خضیر عباس المشایخی، ایران فی عهد ناصر الدین شاه (1846. 1896)، رساله ماجستیر غیر منشوره، ایلول 1987، ص 328. 329.
هەروەها: دونالد ولبر، ایران ماضیها وحاضرها، ترجمه عن (الانجلیزیه الدکتور عبدالنعیم محمد حسنین، راٲجعه وقدم له الدکتور ابراهیم امین الشواربی، قاهره، 1958، ص 97.
3. عمری فاروقی، نظری به تاریخ وفرهنگ سقز، ص 8.
4. عومەری فاروقی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 9.
5. شێخ مەحموودی حەفید: ساڵی (1881. 1882) لە سلێمانی لە گەڕەکی کانێسکان لە دایکبووە. نفووسێکی گەورەی عەشایەریی و ئایینی لە باوک و باپیریەوە بۆماوەتەوە و ناوی بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە.
کاک ئەحمەدی شێخ، کە باپیرە گەورەیەتی، مەرقەدەکەی لە شاری سلێمانییە، مورشید و گەورەی تەریقەی قادری بووە و دانیشتوانی کوردستان بە چاوی حورمەت و ڕێزەوە سەیریان کردووە و لایان

خۆشەویست بووە. لەبەرئەوەی نەوەی کاک ئەحمەدەو لە مەقامی ئایینی باپیرە گەورەیانەوە بەهرەیەکی گەورەیان وەرگرتووە و لەریزی پێشەوە دانراون.

بڕوانە: مێژووی شۆڕەشەکانی شێخ مەحمود، بەرگی یەکەم، لا 282. 283.

6. شێخ حسامەدین و شێخ سراجەدین: شێخ سراجەدین کە شێخ عوسمانی ناسراوەو خاوەنی پلەو پایەی ئایینی گەورە بەخۆی بووە، باوکی (بەهادین)ە و ئەویش باوکی (حسامەدین)ە.

7. عومەری فاروقی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا9.

8. (وثوق الدولە): چەند جارێک پلەی سەرۆک وەزیرانی لە کابینە جیاجیاکانی ئێراندا وەرگرتووە، هەتاکو دەگاتەوە بە ڕۆژگاری دەسەلاتی ڕەزا شا.

9. شێخ قادری حەفید: برا بچووکی شێخ مەحموودی حەفیدە. پاش ئاوارە بوونەکەی، دوای شەڕی دەربەندی بازیان، لە سەقز گیرا، ڕادەستی بەغدا کرایەوە. 1920/6/14 برایە بەسرە. ئەمجا لە 1921 هێنرایە بەغدا.

ئابی 1922 ڕێی پێدرا بێتەوە بۆ سلێمانی و سەرەتای ئەیلوول گەیشتە جێ... بڕوانە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، لا 117.

10. حەپسەخانی نەقیب: کچی شێخ مارفی نەقیبی نەوەی کاک ئەحمەدی شێخە، 1891 لە سلێمانی لە دایکبووە، ئافرەتێکی بەخشندە و ژیر بووە، نەخشێکی بەرچاوی لە کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچەی سلێمانیدا هەبووە، لەوانە: کردنەوەی قوتابخانەی زانستی بۆ خوێندنی ئافرەتان و خزمەتی لێقەوماوان و هەژاران؟ (15) ی نیسانی 1953 بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (جمال بابان، اعلام کرد العراق، ص 268)، هەروەها: (ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی دووەم، لا 240.

11. مەجیدی قالەی حەمامچی، وسوئاغا، محەی ساله سوور، ئەمانه له هاوکارەکانی شێخ مەحموود بوون و رۆڵی گەورەیان گێڕاوه لەبەرەو پێشبردنی شۆڕشەکەدا. (وسو ئاغا)ش برای مستەفا ئاغای ناسراوه.

12. سەعەی عەلی قوباد: کوردێکی ناسراوی قوتابخانەی کوردایەتییه و ساڵی 1924 له سلێمانی له دایکبووه. وەکو ڕێباز سەر به بیروباوەڕی پاسۆک بووه.

13. گردەبۆر: گوندێکه له ئەمڕۆدا ئاوەدانەو لەسەر ڕێگای سلێمانی پیرەمەگرونه. دەکەوێته خوارووی گوندی یالانقۆز، نزیک به جادەی گشتی. لەسییەکانی سەدەی رابردوو مەخفەرێکی پۆلیسی لێ بووه، ناوبانگی گوندەکه لای شوێنەوارناسان، پەیوەسته به گردە شوێنەواریيەکەیەوه که پاشماوەی سواڵەتەکانی بەڵگەن بۆ بەر له مێژوو.

14. پێدەچێت ئەو گرتنەی ئایشه خان بۆ دوای خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحموود بگەڕێتەوه له شەڕی ئاوباریک، بەهاری 1931. ئایشه خان، کچی شێخ مارفی نەقیب و هاوسەرێ شێخ مەحموودی حەفید. بڕوانه: ئەحمەد خواجه، چیم دی، بەرگی دووەم، لا 240.

15. دکتۆر موسەددەق: سیاسەتمەدارێکی گەورەی ناسراوی میللی ئێرانییه. له وەزیفەی حکوومەتیدا گەلێک پلەو پایەی بەرزی له کابینه جیاجیاکانی ئێراندا وەرگرتووه. دواترینیان بۆ ساڵی 1952 دەگەڕێتەوه که سەرەک وەزیران بووه و نەوتی ئێرانی خۆماڵی کرد، له ڕۆژگاری محەمەد رەزا شادا..

16. حەمە ڕەشید خانی بانه: کوڕی عەبدوڵڵا بەگ، کوڕی بارام، بەگ، کوڕی سولەیمان بەگی بانەیە. ساڵی 1889 له گوندی شیوەگوێزان له دایکبووه، که له ئێستادا ئەو گوەندە سەر به شارە دێی (گەرمک)ی سەر به قەزای (پێنجوێن)ە له پارێزگاری سلێمانی.

رێکەوتی (4ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1974) بە نەخۆشی لەگوندی (دارۆخان) نزیک بە گوندی (شیوە گوێزان) کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (شێخ شەمسەددین)ی گوندی (دارۆخان) بەخاک سپێردراوە.

ئەم زانیاریانەم لە بەڕێز: دکتۆر (کەیوان ئازاد ئەنوەر) وەرگرتووە.

17. مەحموود خانی دزڵی: کوڕی عەزیز کوڕی بارام بەگە، 1870 لە گوندی دزڵی لە دایکبووە، هاوکارێکی بەوەفای شێخ مەحموودی حەفید و دوژمنی حکوومەتی ئێران بووە. چەند جارێک بەرەو رووی گرتن و زیندان بووەتەوە.

سەرەتای ساڵانی چل کە لە سلێمانی دەستبەسەر بووە، لە 1943/3/15 دا بە یارمەتیی هەندێک خەمخۆر هەڵهاتنی بۆ رەخساوە. بەهاری 1946 دەرمانخوارد کراوە و کۆچی دوایی کردووە.

بڕوانە: ئەحمەد خواجە (چیم دی، بەرگی یەکەم، لا 60).

18. خورماڵ: ئەمڕۆ ناحیەیەکی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە، دەکەوێتە سەر ڕێگای سلێمانی – هەڵەبجە.

لە ناوەڕاستی شارەکەدا مزگەوتێک هەیە، لە لایەن دانیشتوانەکەیەوە بەکاردەهێنرێت. لەسەر دەرگاکەی تابلۆیەک بە فارسی نووسراوە کە سەلیم پاشای بابان ساڵی 1160ی کۆچی دروستیکردووە.

خورماڵ بە گەرماوە مەعدەنییەکەی ناوی دەرکردوە کە بە کوردی پێیدەگوترێت گەڕاو. پێدەچێت ناوی خورماڵ لە (گوڵ عەنبەر)ەوە گۆڕا بێت.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقیه، ج1، بغداد 1989، ص 101.

شەن و کەوێکی کتێبی:
خەبات و بەسەرهاتی
(سەید عەتای باینچۆ)یی، ناسراو بە عەتا کەل

پەیژێک:

بەلامەوە باشبوو ئەم بەشەی باسەکەم بکەمە پاشکۆی یەکەمی باسە مێژوویییەکەی (حەمە تاڵ)ی بانە، چونکە لەسەر هەمان ڕێچکەیەو لەیەکتری دانابڕێن.

کە بەکتێبی ناوبراودا چوومەوە، لەسەر (سەید عەتا)ی ناسراو بە (عەتا کەل) نووسراوە، لە پێشەکییەکەیدا بۆمدەرکەوت، لەنووسینەوەیدا خزمایەتی ڕۆڵی خۆی بینیوە، بەتایبەتی لای نووسەرو کۆکەرەوەکەی کاک (سەڵاح سەید نەجمەدین) ە. لەلایەک دەستخۆشی لەبرای نووسەر دەکەم کە توانیوێتی هەندێک زانیاری مێژوویی لەبیرچوو لەسەری زیندوو بکاتەوە. بەڵام لەلایەکی ترەوە ناوبراو هاتووە مێژووەکەی بەسۆزی خزمایەتی نووسیوەتەوە، ئەوە وایکردووە کەموکوڕیەکانی بخاتەلاوەو تەنیا بەبالایدا هەڵبدات.

ئەوەی لای من دیارەو سەبارەت بە (سەید عەتا) بیستوومەو لەدەمی بەسالاچواندا وەرمگرتووە، ناوبراو یاخیبوویەکی رۆژگاری خۆی بووەو توانیوێتی لەناو رووداوەکانی رۆژگارەکەدا، کە پڕبووە لەشەڕو ئاژاوەو ململانێ، بەتایبەتی لەدوا دوای رۆژگاری قاجاریەکانی سەردەمی (ئەحمەد شا)[1] و سەرەتای هاتنی رەزا شا بۆ دەسەلات لە ئێراندا ئەو رۆڵە لەبەشی رۆژهەلاتی کوردستانەکەیدا بگێڕێت. ئەمە لەکاتێکدا بوو، شێخ مەحمود لەناوچەی بانەو مەریوان بەهۆی شەڕو ململانێی لەگەڵ بەریتانییەکاندا شوێنی خۆی کردبۆوەو سمکۆی[2] شکاکیش لەوپەڕی دەسەلاتدا بووە لەبەشی ئازەربایجانی خۆرئاوا.

رۆژگارەکە بۆ مانەوەی شێخی بەردەقارەمان لەبار بووە، و دەسەلاتدارانی ئێرانیش حەزیان بەمانەوەی کردووە، تا بیکەنە وەرەقەیەکی گوشار بەسەر ئینگلیزەکانەوە بۆ دەستهەڵگرتنی ئینگلیز لەیارمەتیدانی شێخ خەزعەل لەمانەوەیدا لەناوچە پڕ نەوتییەکەی ئەمارەتی موحەممەرە لەباشووردا، کە دواتر بۆ خۆزستان لەلایەن رەزا شاوە گۆڕا. بۆیە لەو روانگەیەوە دەمەوێت چەند خاڵێک لەنامیلکەکە

دەستنیشانبکەم تاوەکو بتوانم راستییەکان بخەمەڕوو. بۆئەوەی لەمەودوا لەنووسینەوەی ئەمجۆرە بابەتانەدا راستی رووە میژوویيەکە فەرامۆش نەکەین و خزمایەتی لە نووسینەوەی نامیلکەکەدا ئەو پەندەمان بەسەردا نەسەپێنێت، هەروەکو ئەوەی کورد دەڵێت: کورد هەرگیز بەدۆی خۆی ناڵێت ترشە.

ئەو خاڵانەش کە لام دەستنیشانکراون،

سەرەتای باسەکەم دێمە سەر:

1. دانەر لەلاپەڕە (8)ی نامیلکەکەیدا دێتە سەر باسی سەید عەتا، هەروەکو دەڵێت: سەید سەعدەدینی باوکی، کاتێک کۆچی دوایی دەکات (سەید عەتا) دەست لەخوێندن هەڵدەگرێتو لەگەڵ مامیدا دەست بەکاری کشتوکاڵیی دەکات.

لێرەدا دەڵێم: لەم خاڵەدا سەید عەتاو (حەمە تاڵ)ی بانە یەکدەگرنەوە، کە بەڵگەیە بۆئەوەی هەردوولایان لەبنەماڵەی هەژارو کەمدەرامەت بوون.

لەکۆمەڵگەیەکیشدا ژیاون فرە عەشایەرو سیستمێکی دیکتاتۆری عەسکەری بەڕێوەی بردووەو تێیدا چەوساوە بوونو ژیانیان بەخراپی بەسەربردووە.

خۆزگە لەو رۆژگارەدا، سەید عەتاو حەمە تاڵو مەجید شانەشینیو گەلێکی تر بەفیتو دەسیەی بێگانە، بۆ لەناوبردن نەکەوتنایەتە وێزەی یەکتری.

خۆ ئەو رۆژگارە ئێران گرکانێک بووە، دەیانتوانی ئەوان پاڵبدەن بەسمکۆی شکاکەوە، یان بە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دژ بە ئینگلیز، بۆئەوەی تۆماریکی کوردانە بۆ خۆیان و خزمەت بەنەتەوەکەیان تۆمار بکەن، نەوەک بەو جۆرە بۆ یەکتری بگەڕێنو بەدوای سەری یەکتریدا بۆ یەکتر کوشتن تفەنگەکانیان ئاراستە بکەن. لەئێستاشدا مێژووی کورد هەر بەوە گێرۆدەیەو بەناوی کوردایەتییەوە هەر کەسەو بەدوای بالۆرەی خۆیەوەیەتیو سەیری مێژووی دوێنێیان ناکەن، هەر لە ئەمڕۆ دەڕوانن.

2. دانەری نامیلکەکە لەلاپەڕە (9)دا دەڵێت: سەید عەتا کە لەبواری ئازایی‌و لێهاتوویی‌دا کەسی لا، لەسەرووی خۆیەوە نەئەبینی.. بەڵای منەوە ئەمە یەکێکە لەو نەخۆشییانەی کە لەکۆنەوە لەناو کورددا ئەو دەردە بووەو خۆبەزلزانیش دووەم لەبیرکردنەوەیەک کە عەقڵ تێیدا میوان نەبووە.

لێرەدا پرسیار لەکاکی نووسەر دەکەم: ئایا لەم

سەردەمەی ئەمڕۆدا، کە چەک دەور دەبینێ، ئازایەتی دەتوانێت شتێک بکات ئەگەر زیرەکیی و لێهاتوویی و دانانی نەخشەو پلان دەور نەبینێ؟ ئەم سەردەمە نە رۆژگاری رۆستەمی مازندەرانەو بەگورزو گۆپاڵ و ئازایەتییەکەی بنازێو نە ئازایەتیش هەموو شتێکە بۆ سەرکەوتن، ئەگەر بیری قووڵو نەخشەی نوێی لەگەڵدا نەبێت.

زۆرن ئەوانەی بەبازوویان نازیون، بەڵام زووش کەوتوونەتە بەر گورزی پیلانگێڕانو دەستیان لێوەشاندوون. بەڵی ئەمە تەنیا بیرکردنەوەیەک بووە کە هەردوولایان بەدەستییەوە گرفتار بوونو لەپیلانی دوژمن تێنەگەیشتوون، کە توانیویم بەیەکتری بەکوشتیان بدات، بەڵام پێچەوانەکەی لەیەکبوونیاندا بۆ دوژمنە پڕ فرتو فێڵەکەیان نەخوازراو بووەو زیانی بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەی بووە.

3. لەلاپەڕە (11)ی نامیلکەکەدا، نووسەر لە ستایشی بنەماڵەکەیدا، دێتە زمان، بێئەوەی بەڵگەیەک نیشانبدات، دەڵێت: نادرشای هەوشار[3]، بەمانا هەوشاری کوردستانو کەریم خانی زەند[4]، بۆ ئەم بنەماڵەیە رێزی تایبەتییان بووە. بۆ وەڵامی ئەم بڕگەیە، دەبێت ئەوە بزانین کە نادر شای هەوشار

نییە، بەڵکو ئەفشارە و لە رەگەزدا دەچێتەوە سەر تـورک. ئێمە لە خۆمانەوە ناتوانین بیبەستینەوە بەکورد. بەڵام کەریم خان کە شیعەیەکی کورد بووە، رژێمەکەی ئەو لە خزمەتی فەرماندارییەکەیدا بووە. لەو دوو سەردەمەدا ئەوانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون، ئەوانەی بنەماڵە بوون بۆ لای خۆیان رابکێشن تا بۆ خزمەتی مـانـەوەیـان بەمەرامی خۆیان بگەن. بۆیە دەتوانین بڵێین، بەپێی قسەی نـووسـەر، وا دەردەکەوێت لەهەموو رۆژگارێکدا هەر لەخزمەتی دەسـەڵاتدا بوون.

ئەمەش بەڵگەی ناوێت، چونکە کۆتایی ژیانی حەمە تاڵ لەپیلانێکی نەخشە بۆ داڕێژراودا ئەنجامدراوەو رژێمـی پادشایەتی پـیـرۆزی لـێـکـردوون، کـە هەر بەوەش نەوەستا، بەڵکو دوای چەند ساڵێک سەید عەتاش بەهەمان شێوە پیلان، بەرکەوتو دوژمنی کورد لەناوی برد.

4. لەلاپەڕە (11 - 22) نووسـەر لەوەسفکردنی (سـەید عـەتـا) درێـغـی نـەکـردووەو هـەمـوو کات واینیشانداوە کـە پیاوێکی ستەملێکراو بـووە، و لەلایەن رژێمەوە راونـراوە، بەتایبەتی لەرۆژگاری دەسـەڵاتـی رەزا شـــادا.. هـتـد. بـەرامـبـەر ئـەوە

وەڵامێکم هەیەو دەپرسم: ئایا ئەو ئەوەندە لە خزمەتی هەژارانی ناوچەکەیدا بووبێت، و رژێمی پادشایەتی بەدوای سەریدا گەڕابێت، تاوەکو بیخاتە ناوداو، بەکوشتن، یاوەکو بەگرتنی بدات، ئەی بۆ مەڕو مااڵتی داگیرکەرەکە دەداتە بەرو دەیبات بۆ شاری سنە (ال13)؟ ئایا ئەم کردەوەیە ناتوانین ناوی تااڵنگەری لێبنێین؟ یان بەمانا بە، بەشێک لەملمالنێی ناو عەشیرەتی دابنێین کە کۆمەڵگەی رۆژهەاڵتی ئێران پێوەی نااڵندوویەتی، یاوەکو ئایا: شتی فەردیو ملمالنێ دەمانگەیەنێتە سەرکەوتن لەهەوڵەکەماندا، یان پارچەبوونی هێزو دەسەاڵتی کوردی دروستدەکات کە نەتوانن بەسەر رژێمەکەدا زاڵبوون بەدەستبهێنن؟. هەروەکۆ سەرئەنجامی فرتوفێڵی دژەکانیان بۆ هەردوواڵیان بەلەناوبردنیان کۆتایی هات.

رژێمەکەیش بۆ خزمەتی مانەوەی بەناوی یاساو بەکارهێنانی دەسەاڵت و دروستبوونی الیەنگری لەناو کۆمەڵگەدا بۆی، تەمەنی درێژکردووەتەوەو دژەکانی کە ناوی چەتەیان لێنراوە بەفیتی ئەوان یەکترییان لەناوبردووە. لەناو باسەکانی نامیلکەکەشدا گێڕانەوەیان نە سااڵ دیارەو نە رۆژگارەکەیش.

باسەکانی نووسەر وەکو حەقایەتی گوێ ئاگردان وایە توانیویەتی رۆڵی (سەید عەتا) لەناو رووداوەکاندا بەهێز بکات، بێ ئەوەی بەڵگەیەکی نووسراو، یان سەرچاوەیەکمان پێبدات.

5. چاوگێڕانێک بەلاپەڕەکانی (31 - 32) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شەڕو ئاژاوەی ناوچەکەو هاتنە ناو رووداوەکانی، زیاتر لەسەر ئافرەتو شووکردنو رازی نەبوونو کوشتنو بڕین بووە، بۆ خۆشەویستی (محەمەد)یش، سەید عەتا لەو شتە بچووکانەدا رۆڵی تۆڵەسەندنەوەی گێڕاوە، کە دەکرا بەوتووێژو پەنابردن بۆ رێکەوتنو خستنەڕووی برایەتی و گێڕانەوەی متمانە، ئەو رووداوانە نەبنە لێکترازان، بۆئەوەی هەریەکەو دژی ئەو نەبنە پیاوی لایەکو دژ بەیەکتر بجوولێنەوە. ئەمە خەباتەکەیانەو بۆ ئەو رۆژگارە دوژمن سودی لێ بینیونو کوردی داماویش شەڵاڵی خوێن بووە.

6. لەباسی رۆشتنی (سەید عەتا) بۆ گوندی دزڵی (لا31 - 34)، پەیوەندی بەزەویی‌و ئاوی ناوچەکەوە بووە، کە بۆ راستی پرسەکە دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ بەشی سێهەمی بەڵگەنامەکانی شێخ مەحموود، کە ئێستا لەکتێبخانەی کوردیدا دەستدەکەوێت،

هەوڵدەدرێت لەلایەن ناحەزانیانەوە فەرەج بەگو براکەی ببنە کۆچی قوربانیی. کارەکەش بەسەید عەتا سپێردراوە جێبەجێی بکات. دژایەتیش لەنێوان مەحموود خانی دزڵی‌و مەحموود خانی[5] کانی سانان بەلاپەڕەکانی مێژووی رۆژگارەکەوە دیارە، خۆزگە وا نەبوایەو بەئاشتی چارەسەری کێشەکان بکرایە. چونکە ئەو دوو گەورە دەسەڵاتدارە، بەدرێژایی مێژوو لە خزمەتی بزاڤی نەتەوەکەیاندا بوون.

لای خۆمەوە ئەوە بەڕاست نازانم فەرەج خان[6] بەسەید عەتا بڵێت: جەنابی سەید عەتا گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە لەکەس نەترساوم، بەڵام ئەمجارە کە چاوم بە تۆ کەوت لەرز چووەتە دڵمەوە.. تۆ بڵێی ئەمە وا بێت؟! لەکاتێکدا فەرەج خان بۆ‌ی مەحموود خان بێتو هەردوو برا دەستڕۆیشتووی گەورە دەسەڵات بن، لەپیاوێکی بێکەسی یاخی وەکو سەید عەتا بترسێت، کە ئەوان خۆیان بەهاوشانی مەحموود خانی دزڵی داناوە، خۆ ئەگەر ترسی خانی دزڵییان نەبووبێت، ئەو قسانە دەچنە خانەی گومانەوە.

7. لە لاپەڕە (41) ی نامیلکەکەدا، دانەر دەڵێت: لەبەرئەوەی (سەید عەتا) دوژمنی زۆر بووەو بۆ هەر لایەک چووبێت دوژمنەکانی بەدوایەوە بوون،

بۆیە بڕیاریداوە بچێتە ناو حکوومەتەوە.. بۆ وەڵامی ئەم بڕگەیە دەڵێم: (سەید عەتا) هەروەکو نووسەر دەڵێت دوژمنی زۆر بووە، خۆشی لەهەوەڵ رۆژی یاخی بوونەکەیشییەوە هەستی بەوە کردووە کە حکوومەت بێ بەزەییەو پشتگیری لەدزو جەردەو ئاغاو دەرەبەگ و سەرۆک عەشرەتەکان دەکاو، غەدر لە مسکێنو پاڵەو جوتیار دەکات. بەگوتەی نووسەر سەید عەتا هەموو ئەمانەی زانیوە، هەستی بەوەش کردووە کە هەر پیاوانی ئەو رژێمەشن بۆ لەناوبردنی بەدوایەوەن، ئایا چۆن رێگای بەخۆی داوە بڕواتە ناویانو ناهەقی بەرامبەر هەژاران بکات؟! ئەوەتا نووسەر لە زمانی خۆیەوە دەیگێڕێتەوە، کاتێک سەید عەتا (رەئیسی پاسگا) دەبێت، پیاوەکانی لەگوندی (سێوەری مەریوان)، (چەرچی) یەک بەدووبار شەکرەوە دەگرن، کابرا هاوار دەکاتو دەگری، مەیبەن ژیانی ماڵو منداڵمی لەسەرە، (سەید عەتا) کە خاوەن دەسەڵات بووە داوا لە پیاوەکانی دەکات وازی لێبهێنن..

لێرەدا پرسیار دەکەم: (سەید عەتا)یەک کە پیاوەکانی خۆی لەدزو جەردەکان بووەو بەقسەی ناکەن، ئەی چۆن دەتوانێت بەقسەی نووسەر کە

دەڵێت پیاو چاکێک بووە ئەو رۆژگارە نەفرەت لێکراوە چارەسەر بکات؟ هەزار رەحمەت لەو کەسەی کە گوتویەتی «ماسی لەکلکییەوە سەیر مەکە تا بزانیت بۆگەنی کردووە، بەڵکو لەسەریەوە تەماشای بکە کە بۆگەنی پێوە دیارە»، رژێمەکەش لەسەرەوە بۆگەن بووەو چۆن سەید عەتا رازی بووە بەوەی بچێتە ناویانو ئیشیان لەگەڵدا بکات، کە خزمەتێک بووە بۆ سوودی ئەوان گەڕاوەتەوە. بەڵای منەوە ئەم بابەتانە دروستکراون بۆ سەید عەتا، کە زیاتر بۆ پاککردنەوەیەتی بەناوی ئەوەی هەردەم دژ بەخراپەکاری بووە. (سەید عەتا) هەروەکو لەوەوبەریش ئاماژەماندا دەیتوانی بچێتە خزمەتی شۆڕشەکەی شێخ مەحموودڵ نەمرەوەو رۆڵی خۆی بۆ خزمەتی کوردایەتی بگێڕایە، هەروەکو چۆن (حەمە تاڵ) دژ بەرووسەکان لەشەڕی میاندواو گێڕای. یاوەکو بچوایەتە لای مەحموود خانی دزڵی بۆ دژایەتیکردنی رژێمەکە. خۆئەگەر ئەوەشی نەکردووە، پێشەوا (سمکۆی شکاک) بوونی هەبووەو دەسەڵاتداریکی گەورە بووە لەو بەشەی کوردستانداو خاوەنی شۆڕشێکی باڵا بووە، با پێشمەرگەی ئەو بوایە.

لەمەدا بۆ ئەوە دەچم کە سەید عەتا خاوەنی فیکرێکی سیاسی خزمەت بەکورد لەمێشکیدا نەبووە، تەنیا ئەوە بووە لەناو بارودۆخەکەدا ژیاوەو نەیتوانیوە رێگای راستی بدۆزێتەوە. بۆئەوەش زیاترو بۆ بڵاوکردنەوەی ناوبانگی هەر حەزی بەچەتەگەری کردووە. دەنا لەنگییە بۆ ئەو رژێمێک کە گەلەکەی بچەوسێنێتەوە ئەو رازی بێت خزمەتی بکات.

لەلایەکی تری باسەکەداو لە لاپەرە (43)ی نامیلکەکەدا وا هاتووە: رۆژێک سەرۆک و گەورەی ژاندرمەکانی (سنە) و (مەریوان)، بۆ (بازرەسی) واتە: (پشکنینی پازگاکان دەچێتە (پازگای) سێوەر، لەوێ سەرۆک پێیڕادەگەیەنێت کە حکوومەت زۆرینەی بەگزادەکانی مەریوانو ناوچەی هەورامان دەگرێتو دەیان نێرنە بەندیخانەی (قەسری قەجەر).. بەلای منەوە بۆ قسەکردنو رادەربڕین لەسەر ئەو بڕگەیە هەر ئەوەندە دەڵێم: سەردەمی دەسەڵاتی (رەزا شا)، هەردەم لەهەوڵی ئەوەدا بووە بۆ گرتنی ئەوانەی ناومان هێنان بەردەوامی بووە تا وەکو بتوانێت دژەکانی لەناوبەرێت بەناوی گێڕانەوەی ئارامییو ئاسایش بۆ رژێمەکەی، بەپێی سەرچاوە میژوویییەکانی سەردەمەکەشی، لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئەوەی لەم شوێنەدا

جێگای نابێتەوە ئەوەیە، کە سەرۆک، یان گەورەی ژاندرمەکان چۆن پرسێکی هەستیاری وا لای سەید عەتا دەدرکێنێ؟ کە لای من شوێنی گومانەو لە بابەتێکی دروستکراو دەچێت! چونکە ئەوانە پیاوی هەڵبژاردەی بەوەفا بوون بۆ دەسەڵاتەکەو هیچ نهێنییەکیان نەدرکاندووە، چونکە لەبەردەمی یاساو ڕێساکەیدا کۆیلەیەکی سەرشۆڕ بوون. من نالێم ئاغاو بەگلەرو بەگزادەکان نەگیراونو ڕەوانەی زیندانی (قەسری قەجەر) نەکراون، بەڵام ئەم شتانە لەکاتی هێرشی سوپای ئێرانی بووە بۆ سەر ناوچەکانی کوردنشین، بەزۆری ئەو بەشەی هاوسنووری باشووری کوردستانی گرتووە کە نائارام بووە.

جارێکیتر نووسەری نامیلکەی (سەید عەتا) دێتە سەر باسی: هەڵهاتنی (سەید عەتا) لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. ئەمە ناونیشانی باسەکەیەتی کە بە لاپەڕە (45) وە دیارە. نووسەر ئەوەی نەزانیوە کە دەبوو بیزانیایە، ڕۆژئاوای کوردستان ئەو بەشەی ئەمڕۆی سوریا دەگرێتەوە، بەڵام وا دیارە بەهەڵەو نەشارەزایی لەجوگرافیا بەکاری هێناوە، چونکە کە دێتە سەر باسەکە باشوورەکەی دەگرێتەوە، واتە ناوچەی سلێمانی.

جارێکیتر له لاپەڕە (53)ی نامیلکەکەدا هاتووە: مەجید عەمەرو هاوڕێکانی کە (5) کەس بوون، بەرەو خاکی عیراق ڕۆیشتوون، پەیوەندییان بە ڕێکخراوە چەکدارییەکەی (سەید عەتا)وە کردووە. لێرەدا نووسەر پێمان ناڵێت: ئەو ڕێکخراوە لەکام شوێن لە باشووری کوردستان بنکەو بارەگایان بووە؟ یان ئایا لە ژێر سێبەری کێدا بوون؟ چۆن و بەچ شێوەیەک ژیاون، یان یارمەتی دراون؟ خۆ ئەگەر زانیاریمان لەسەر ئەو خاڵانە نەبێت، ناتوانین ڕای لەسەر بدەین، بۆیە دەچێتە خانەی گومانەوە.

لەو ڕۆژگارەشدا دەبێت ئەوە بزانین کە سەید عەتا بەپێی گێڕانەوەی ناو نامیلکەکە، نێوانی لەگەڵ مەحموود پاشای جاف دا[7] باش نەبووە، لەهەمان کاتیشدا پیاوی ناوداری وەکو پێشەوا شێخ مەحموودو حەمەڕەشید خانی بانەی هەبوون، کە ئەو بەتەنیاو سەربەخۆ نەیتوانیوە بژیو خۆی ڕێکبخات، ئەگەر لەوانەوە هاوکاری نەکرا بێت، چونکە ڕۆحی ململانێو تووندوتیژی لەناویاندا بەهێز بووەو مانەوەی گران بووە.

8. له لاپەڕە (55)ی نامیلکەکەدا بەدەمی (سەید عەتا)وە گوتراوە، کە بەهاوڕێکانی وتووە: ئەم رژێمە داگیرکەرە تەحەمول بکەن، کە دایمە لە کوشتنو گرتنو دەربەدەرکردنی خەڵکی فەقیر و هەژاری وڵاتەکەمان دەست ناپارێزێت، بۆ ئەم میللەتەی ئێمە هیچ ڕێزو ئیحتیرامێ دانانێتو بەئینسانیشمان نازانن.. ئەم وتارە لەکەسێکی سیاسی شۆڕشگێڕی گەورە دەوەشێتەوە کە خاوەنی فیکر و فەلسەفەیەکی دیار و خزمەت بەکورد بێت. دەنا لە کەسێکی نیمچە خوێندەواری وەکو (سەید عەتا) ناوەشێتەوە، کە بە خواستی خۆی هەروەکو لە نامیلکەکەدا بەیان کراوە بووەتە یارمەتیدەری ئەو رژێمە کە دەستی بەخوێنی ڕۆڵەکانی کورد سوور بووەو لێرەڕا بۆ خزمەتی ئەو بنەماڵەیە ئەو جۆرە قسانەی بۆ دروست دەکەنو نەفرەت لەدەسەڵات دەگرێت کە خۆی تێیدا هاوکاریان بووە. تاوەکو بڵێت: سەید عەتا بیرمەند و شۆڕشگێڕی ڕۆژگاری خۆی بووە.

دەنا گەڕانێک بەناو لاپەڕەکانی دواتری نامیلکەکەدا، زۆر پرسی تر دێنێتە پێشەوە، کە وا دەریدەخەن، ئەو خوتبەیە کە بەناوی سەید عەتاوە دروستکراوە، لەگەڵ هەڵوێستی ڕۆژانەیدا ناگونجێت،

بۆیە لەوە زیاتر ناڵێم: مرۆڤ ئەگەر شۆڕشگێڕ نەبێت، بەخوتبەی دروستکراو، ناخیی‌و هەڵوێستی ناگۆڕدرێت.

9. لە لاپەڕە (59) ی نامیلکەکەدا واهاتووە: (حەمە تاڵ)، یەکێک بووە لە چەکدارەکانی سەید عەتا، و کەسێکی ئازاو بەجەرگ بووە. وەک دەگێڕنەوە زۆر حەزی بە پیاو کوشتن‌و تاڵانکردنی ماڵی خەڵک بووە.. ئەم باسەی نووسەر لەم چەند دێڕەدا کە باسی (حەمە تاڵ) دەکات، تەواو لەڕاستییەوە دوورن، چونکە حەمە تاڵ ئەو سەروەرییەی پێبڕاوە کە لەگەڵ شێخ مەحموودی بەردەقارەمان لە ساڵی 1915دا، غەزای دژ بەرووسەکانی لەمیاندواو کردووە، بەمانا لە جیهادا بووەو سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، هەروەها ئەو هەردەم لە بنەماڵەی شێخی بەرزنجی نەپچڕاوە، بەندکردنیی‌و دژایەتی رژێمی ئێرانیش بۆی، واینەکردووە بەبیریا بێت پشت بکاتە هەژارو لێقەوماوی ناوچەی بانە، دەربازبوونیشی لەبەندیخانەی قەسری قەجەر، یەکێکە لەنەبەردییەکانی. بۆیە ئەوە بەلای منەوە راست نییە کە حەمە تاڵ یەکێک بوو بێت لە چەکدارەکانی سەید عەتا. وا دیارە ئەو بۆچوونە مزەیەکی خزمایەتی

پێوەیەو نووسەری ناملیکەکە بەهۆی ئەوەی ناوبراو باپیریەتی، ویستویەتی لەلایەک خزمەت بەمێژووی خۆی بکاو لەلایەکی تریشەوە رووی راستی مێژووەکە بگۆڕێو مشتەکۆڵەیەکیش لە حەمە تاڵ بدات، چونکە بەوە ویستوویە غەدرەکەی سەید عەتا لە کوشتنی حەمەتاڵدا بچووک بکاتەوە کە ئەمە غەدرێکی مێژوویيەو دەبێ زۆر بەشەرمەوە داوای لێبووردن بکەن. کاتێکیش حەمە تاڵ وەکو لەشیعرە فۆلکلۆرییەکەدا هاتووە کە سەرە ڕێگای گرتووە، ئەو نەهاتووە ئاژەڵی هەژارو لێقەوماوان بەتاڵان بەرێت، بەڵکو دژی پیاوانی رژێمو ڕێگرەکانی ڕێگای لێبەستوونو تۆڵەی لێسەندوون.

لەمێژووی ئەو گەورە پیاوەدا، بەڵگەیەک نییە کە دیلی کوشتبێت، بێ بەڵگەش تاوان دروستکردن لەلاپەڕەکانی مێژوودا جێگای نابێتەوە. وا دیارە دروستکردنی ئەو قسانەو خستنەڕوویان، هەر لەبەرئەوە دژ بەیەکتربوون، هەتاکو ئێستاش نوسەرێک نەبووە راستی مێژووی (حەمە تاڵ) بخاتە بەرچاو.

بۆیە کاک (سەڵاح)ی خاوەن ناملیکە، بەو جۆرە هاتووەتە گۆو بەفرسەتی زانیوە زیاتر بتوانێت لەسەر

مێژووی سەروەری (حەمە تاڵ) خزمەت بە باپیری بکاو وردە تۆمەت بۆ بەرامبەرەکەی هەڵبەستێ. گێڕانەوەی قسەش لەزمانی بەسالاچووەکان وەرناگیرێت، چونکە سەردەمی رووداوەکان کۆنن‌و بەسالاچووەکانیش زۆر شتیان لەبیرچووەتەوە‌و هەندێک شتیش کە باسدەکەن وادیارە شتی تریشی پێوە بنێن، یان راستییەکان فەرامۆش بکەن.

10. نووسەری ناملکە لە لاپەڕە (61)ی باسەکەیدا جارێکیتر ویستوویە باسی حەمە تاڵ بکاو بڵێت: بە چەکدارەکانی خۆی نازیوە، بۆیە لەنەبوو ئەوەی دروستکردووە، گوایە حەمە تاڵ هێرشی بردۆتە سەر دێی هەنجیرانی مەریوان‌و مەڕو ماڵات و چ شتێکیان بووە تاڵانیکردوون..

لێرەدا، لەوە تێناگەم کە نووسەری باس، بۆچی هەوڵدەدات قورسایی تاوانەکان ئاوا بخاتە ملی ناوبراو. وا دیارە کەسایەتی رووی راستی لەوڵاتێکی فرە کێشەو عەشیرەتدا، کە رژێمێکی گەندەڵ بەڕێوەی بردووە لەنووسەر شاردووەتەوە. چونکە زانیارییەکان لەسەر بردنی مەڕو ماڵاتی گوندی (هەنجران)ی خزم بەنووسەر، دەمێک سالّە راستی پرسەکەم زانیوەو لەدەمی ئامینەخانی خوشکی

(حەمە تاڵ) وەرمگرتووە، کە سیخوڕو لایەنگرانی رژێم ئەو رۆڵەیان گێڕاوە بۆ ناشیرین کردنی رووی حەمە تاڵ لەو پرسەدا، تا ئەو دوو لایەنە لەیەکتری ببنە دژو بۆ سوودی دەسەلات، یەکێکیان ببێتە قۆچی قوربانیی، کە خزمەتە بەئاغایان. بەڵام ئەوەی نووسەر لەلاپەڕە (62)ی نامیلکەکەیدا باسیدەکات، گوایە (سەید عەتا) دۆستانە گفتوگۆی لەگەڵ حەمە تاڵدا سەبارەت بەپرسەکە کردووە.. **لەمەدا گومان دەبینم، چونکە زانیاریەکان بۆئەوە دەچن ئەو قسانە** بۆ بەرژەوەندی لایەک گوترا بێت.

ئەوەش دیارە کە (حەمە تاڵ) لەو شوێنەدا بەگوللەی (سەید عەتا) نەکوژراوە، بەڵکو روداوی کوژرانەکە، بۆ بۆنەیەکی تر دەگەڕێتەوە و لێرەدا نێوانیان چاک دەبێتەوەو مەڕو مااڵتەکەشی راستی کە تاڵانییەکەی تێدا دیزە بەدەرخۆنە کراوە، بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕنەوە. جارێکیتر (سەید عەتا) میوانداری لە حەمەتاڵ دەکات بە بۆنەی ئەوەی ئاشتی بۆ نێوانیان گەڕاوەتەوە، لەسەر نانخواردن لەپشتەوە بەغەدر (بلە غەزال) بەئاماژەی (سەید عەتا) تەقەی لێدەکاو بەکوشت دەچێت. وا دیارە کوشتنەکەش لای (سەید عەتا) لەجاری دووەمدا

پەیوەست بێت بە حاڵەتێکی دەروونیەوە کە ناوبراو پلانێکی زووتری بۆ دانابێتو جێبەجێکردنەکەی دواخستبێت، بۆ سڕینەوەی بووبێت.

ئەوەی بەناوی شاعیرێکی کوردەوە کە لە، لاپەڕە (64)ی نامیلکەکەدا نووسراوە، بەوەی شاعیرێک باسی شەڕەکەی کردووەو (حەمە تاڵ) تێیدا لەناوچووە، پێوەی دیارە لەڕووی شێوازەوە، زمانەکەی بۆ ئەم سەردەمە دەگەڕێتەوە، واتە نوێیەو مۆرکی ئەو رۆژگارەی پێوە نییە. بەڵام کە لە لاپەڕە (70)ی کتێبەکەدا هۆنراوەکە نووسراوە، تێیدا ناوی شاعیرەکە دیارینەکراوە، ئەوەش گومانەکەی لا بەهێزتر کردم، تاوەکو باوەڕ بەتێکستەکە نەکەم، بەڵای منەوە دروستکردنی لای نووسەر، مەرامی سیاسی لەپشتەوەیە.

لێرەدا ناچارم راستی کوشتنەکەی (حەمە تاڵ) بەدەستی (سەید عەتا) بخەمەڕوو، کە لە فەرهەنگی سەقز لەلایەن عومەری فاروقییەوە باسکراوەو بەمجۆرەیە:

سەرەتا بە (سەید عەتا) دەستپێدەکەمو پەیوەندییەکانی لەگەڵ (حەمە تاڵ) نیشاندەدەم. وەکو زانراوە (سەید عەتا)، یەکێک بووە لە دانیشتووی

گوندێکی دەوروپشتی (سنە) و دواتر هاتووەتە بەشی مەریوان، مالّی باوکیشی دانیشتووی گوندی (هەنجیرە)ن. بەپێی فەرهەنگی سەقز، وەکو زانیاری دەدات، خۆیشی پیاوێکی بالّا کورتو (لێو کەل) بووە.

(سەید عەتا)، وەکو لەوەوبەر ئاماژەماندا، پەیوەندی لەگەڵ (حەمە تاڵ) سەرەتا باش بووەو برایەتی لەنێوانیاندا خۆشبووە، بەڵام وەکو لەسەر دزینی مەڕو مالّاتی لای مەریوان تێکچووە، گوایە پیلانی دەسەڵاتی ئێرانی لەڕێگەی سەید عەتاوە دەوری هەبووە بۆ لەناوبردنی (حەمە تاڵ)، سەرەتا پیلانەکە (سەید عەتا) لە ژێر پەردەی دۆستایەتیدا دەعوەت بۆ (حەمە تاڵ) دەکاو ئەویش رازیدەبێتو دەچێت، شوێنی دەعوەتەکەیش لەسەر کانی (یالیکبەر) دەبێت لەناوچەی (شلێر و ناوخان)، لەکاتی نانخواردندا، هێشتا (حەمە تاڵ) پاروەکەی لەدەمدا دەبێت، بەدەستی (بلە غەزال) بەئاماژەی (سەید عەتا) لەدواوە، بەر گوللە دەدرێتو دەمرێت. ئەم کوشتنە بەوشێوەیە شوێنی تێڕامانەو سەرزەنشتی کردنی سەید عەتایە، کە چۆن دەبێت کوردێکی وەکو (سەید عەتا) (یەکێک) ی وەک (حەمە تاڵ) بۆ نانخواردن بانگهێشت بکات، پیلانی کوشتنی بۆ دادەنێت. لای کورد ئەو جۆرە

کردەوانە هەر لەپیاوی ترسنۆک دەوەشێتەوە. بۆ ئەمە نموونە زۆرن لەوانە: کاتێک رەزا شای ئێران لەهەولّی لەناوبردنی مەحموودخانی دزلّی دا بووە، توانی ساڵی 1946ی زاینی لەسەر سنوور بەناوی رێکەوتن، لەکاتی نانخواردندا، لەرێگەی ئەفسەرێکی ئێرانییەوە دەرمان خواردی کردو کۆتایی بەژیانی هێنا.

تەقەکردنیش لەدواوە، لای کورد مانای ترسنۆکی دەبەخشێت. ئەو حاڵەتەیش لەناو کورددا کەمەو کوڕی ئازاش بەرەو ڕوو شەڕ دەکات. کاتێک رەزا شای ئێران لەساڵی 1921 بووە وەزیری جەنگ، گەڕانێک بەناوچە کوردنشینەکەدا دەکاو دەبێتە میوانی (سمکۆی شکاک) لەقەڵای چهریق. لە کەسە نزیکەکانی داوای لێدەکەن با بیکوژین، بەڵام ئەو رازی نابێ و لەوەڵامدا دەڵێت:

لای کورد ئەوە نەکراوە میوانی خۆی بکوژێت، هەرچەندە دەزانم کە ئەو فرسەتی بۆ هەڵبکەوێت من لەناودەبات. ئیتر چۆنو بەچ یاسایەک ئەو مافە بەخۆمان بدەینو بڵێین: (حەمە تاڵ) غەدری لێنەکراوە. ئەو بارودۆخەش دوای کوشتنی (حەمە تاڵ) هەروا نەماوەتەوە، بەڵکو گۆڕانکاری ترو کوشتنی تری بەدوای خۆیدا هێناوە، لەوانە (سەید عەتا)یشی گرتۆتەوە.

وادیاره نووسەری نامیلکە، چەکدارەکانی (سەید عەتا)ی بەئازاو وره بەرز داناون، کە لەلاپەرە (63) ی نامیلکەکەیدا هاتووەتە زمانو دەڵێت: شەڕ لەنێوان چەکدارەکانی سەید عەتاو چەکدارەکانی حەمە تاڵ دەستپێدەکات، دەمژمێرێکی پێناچێت، دوانزە کەسیان لێدەکوژنو، چەند کەسێکیشیان رادەکەنو هەندێکیشیان خۆیان بەدەستەوە دەدەن.

ئەم گێڕانەوەیە لە حەقایەتی گوێ ئاگردان دەچێت، ئەوە بوو لەسەرەتادا باسمانکرد، لەبەر سوێندخواردنەکەی (حەمە تاڵ) حەوت چەکداری لەگەڵدا بووە نەوەک (12)، لە فەرهەنگی سەقزیشدا هەروا هاتووە، هەموویشیان لەچەک ڕامالراوبوون، هەتاکو بۆ نانخواردنەکەیش لەگەڵ (حەمە تاڵ) نەبوون، چونکە سوێندی لێ خواردوون، بەمانا لەشوێنێکی نزیک ماونەتەوە بێ ئەوەی هاوبەشیبکەن. وا دیارە هەر ئەوەش بووە چەکدارەکانی (سەید عەتا) فرسەتیان لێهێناونو زانیویانە بێچەکن، بۆیە گەمارۆیان داونو کوشتویانن.

هەر لە لاپەڕە (64) ی نامیلکەکەدا، نووسەر دێتە سەر ئەوەی کە، دەڵێت: ئەگەر ئەوان چەتە بوونایە، ئەو تاڵانییەی (حەمە تاڵ) کردبووی لە هەنجیران ... لەوەڵامی

ئەم بڕگەیەدا دەڵێم، لەناو عەشایەری ئەو رۆژگارەدا جۆرێک لەململانێ بەپاڵپشتی رژێمی پاشایەتی لەناو کوردا بەهێز بووە، تاڵانی بردنیش بەهەمان شێوە بەئازایەتی لەقەڵەمیان داوە، بۆیە پەلاماری رانە مەڕو تاڵانکردنی، لایان کارێکی ئاسایی بووە.

10. لەلاپەڕە (94)ی نامیلکەکەدا، لەباسی (مەجید قەڵبەزەیی)، کە یەکێک بووە لەچەکدارەکانی (حەمە تاڵ) رۆحی تۆڵەسەندنەوەی بەرامبەر (سەید عەتا) توند بووە، وا هاتووە:.. بۆ ماوەیەک لەگەڵ جەندرمەکانی ئێراندا بووە، سۆراخی (سەید عەتا)ی کردووە، تاوەکو تۆڵەی حەمە تاڵی لێبکاتەوە.

لەنامیلکەکەدا وا هاتووە: ئەوان یەکەمجار تەقەیان لە (سەید عەتا) کرد، ئەویش دەستی لە تفەنگەکەی راکێشاو میرزا عەبدولسەمەد، لەسەر ئەسپەکەی کەوتو باڵێکی شکا، بەولایەشیدا تەقەی لەمەجید قەڵبەزەیی کردو کەمێک سەری بریندار بوو، رایکردە لای بەردێک کە نزیک سەنگەرەکەی (سەید عەتا) بوو، بەڵام هاوڕێکانی سەید عەتا کوشتیان.. ئەمەیە چارەنووسی گەڕان بەدوای یەکتریداو رۆحی تۆڵەسەندنەوەو قڕکردنی یەکتری، واتە کورد بەکورد بەکوشتن دان. ئەمانە لەنەبوونی عەقڵی کوردا ئەو

جۆرە رووداوانە هاتوونەتە پێش و سەرئەنجامەکەی خزمەت بە مەرامی سیاسییان کراوە.

11. دانەری نامیلکەکە لە لاپەرە (99 - 100) دا، دەڵێت: .. کاربەدەستە پایەبەرزەکانی حکومەتی رەزا شا، وەکو سەرلەشکر (مەیمەندی) کەوتنە پیلان دانان. ئەیانزانی (سەید عەتا) رێزی تایبەتی بۆ پیاوی ئایینی و کەسانی ناودار هەیە.. هەروەها دەڵێت: بۆ ئەم مەبەستە مەلا مەحموودی موفتی و حاجی سەید جەلالی کەمیزی، بەشارەزایی (ئەبوسەعید) لەشوێنی سەید عەتا، وتووێژو چاوپێکەوتنیان لەکێوی (شاجودا) دەستپێکرد.. هەموو داخوازیی و پێشنیارەکانی سەید عەتایان نووسیی و بردیان بۆ سەرلەشکڕ (مەیمەندی). یەکێک لەداخوازییەکانی حوکمی لێخۆشبوونی لەلایەن شاوە بۆ بێنن، پاشانیش وەک رەئیسی پارێزگایەک دیاریبکرێتو ئەرکی بەرپرسیارێتی ناوچەکانی لەلایەن دەوڵەتی ناوەندەوە پێ بسپێردرێت.. هتد، وا دیارە هەموو ئەو رووداوانە کە دانەر باسیان دەکات پەیوەست بێت بە ساڵی 1936. من لەوە تێناگەم دانەر لە زۆر شوێنی نامیلکەکەیدا، باس لەوە دەکات کە (سەید عەتا) باوەڕی بەرەزا شاو رژێمەکەی نەبووەو لەهەوڵی ئەوەدا بووە هەموو کات دەستی

لێبووەشێنێت، چونکە پیاوانی شا، لای ئەو لەوەعدو پەیمانیاندا درۆزنو بێوەفان. ئەم برگەیە چەند جارێک بەلاپەرەکانی کتێبەکەوە دیارەو دەتوانیت بیخوێنیتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، ئەی چۆن داوای لەحکومەت کردووە بیکات بەلێپرسراوی پارێزگایەک لەرژێمێکدا لەکوشتنو بڕین زیاتر هیچی تری نەزانیوە؟ یان ئەرکی بەرپرسیارێتی پارێزگاریکردنی ناوچەکانی پێ بسپێرن؟ ئەمانە خاڵی لاوازنو لەوەش لاوازتر ئەوەیە، پیاوێکی وەکو (سەید عەتا) ئەگەر رێزی بۆ پیاوی ئایینی هەبوایە، ئەی چۆن لەکاتی نانخواردندا میوانی خۆی دەکوشت؟.

ئەم سیفەتە هەرگیز لەکورد نەوەشاوەتەوە. بۆیە دەتوانم بڵێم: فیکرێکی سیاسی لای سەید عەتا، گەڵاڵە نەبووە، کە بتوانێت سوود لەو رۆژگارە ببینێو خزمەت بەمەرامی بکات. جگە لەوەی بیرکردنەوەکانی بەپێی بەرژەوەندییەکانی دەستنیشان کردووەو لەئەنجامەکەی نەکۆڵیوەتەوە.

12. دانەر لە زۆر شوێنی نامیلکەکەیدا باسی کوردستانی خۆرئاوا دەکات، لەکاتێکدا ئەو بەشەی کوردستان، سوریا دەگرێتەوە، بەڵام هەر دێتەوە سەر کوردستانی باشوور، وا دیارە بەهەڵە

تێگەیشتووە. ئەمەش بەڵگەیەکی تـرە کە ناوبراو شارەزایی لەسەر جوگرافیای کوردستانی گەورەو بەشەکانی نییە، چونکە هەر خۆی لەهەمان لاپەڕە (120)ی نامیلکەکەیدا دێتە سەر ئەوەی کە دەڵێت: بەهەرشێوەیەک بـوو، خۆمان گەیاندە (شلێر) کە بەشێکە لە ناوچەیەک بەناوی پێنجوێن.

13. دانـەر شەڕی (شاخی قشلاخ)ی **پەیوەست** کردووە بەسالّی 1938 ی زاینی، **کۆتایی ئەو سالّەی** (سەید عەتا) لەژیاندا نەماوە. **هەر لەو لاپەڕەیەشدا** نووسەری نامیلکە دێتە سەر **باسی چەکدارەکانی** (سەید عەتا) و بە (400) نەفەر **دیـاری دەکـات،** کەچی لەگەڕمەی شەڕەکەدا کە لەمەڵبەندی (شلێر) رووێداوە باسی (12) کەس لەو چەکدارانە دەکات.. ئایا ئەمە کەموکوڕی نییە بۆ نـووسـەر کە یاری بە ژمـارەی چەکدارەکان دەکـات. بـەلای منیشەوە چەکدارەکانی سەید عەتا، هـەر ئـەو ژمـارە کەمە بوون، چونکە بەڕێوەبردنی خەرجی ڕۆژانەی (400) چەکدارو تفاقی پێویستی تر لەتوانای ئەودا نەبووەو بۆ هەر شوێنێکیش چووبن دیار بوون، کەواتە لای دوژمن بەزوویی کەوتوونەتە داویانەوە. بۆیە زۆری چەکدارەکان پێویستی بە بزووتنەوەیەکی خاوەن

باوەڕێکی سیاسی نوێخوازی هەبووە کە بتوانێت ئیدارەکەی بەڕێوەبەرێت. ئەمەش خاڵێکە، لای دانەر خزمایەتی پێوە دیارەو قەوارەی چەکدارەکانی گەورە کراوە. بۆیە ئێمەی کورد بۆ نووسینەوەی مێژووی رۆژگاری ئەمڕۆمان، پێویستمان بەزمانێکی راستو رەوانەو خزمایەتی نەکەینە دروشمو واقیعەکەش چۆنە بەو جۆرە لەسەری بدوێینو بڕۆین.

وا دیارە هەر لەو شەڕەدا، کە لەلایەن چەکدارەکانی حکومەتی عێراق و ئێرانەوە پەلاماریان داون، بەپێی قسەی دانەر، وەکو دەڵێت: جاش پۆلیسێک بەناوی (سەعید بەگ) کە ئامۆزای (حەمە تاڵ) بووە، هەوڵی کوشتنی (سەید عەتا)ی داوە بۆ تۆڵەسەندنەوەی کوشتنی حەمە تاڵ. لێرەدا دانەری نامیلکە جارێکیتر دەڵێت: (سەعید بەگ) دەچێتە سەر سەید عەتاو دەیناسێت، پێیدەڵێت: من لەزووەوە بەدواتدا دەگەڕێم، تا بەزیندوویی چاوت دەربێنم. (سەید عەتا) فیشەکی لەپێشەوە دەبێتو پێشتر خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردووە، کە بزانێت کێ دێتە سەری، تفەنگەکەی دەخاتە نێوان پەنجەکانی قاچی، و رووەو سەعید بەگ دەیتەقێنێو دەڵێت: بەشی کوشتنی تۆ هێزم تێدا ماوە! بەڵای منەوە ئەم سیناریۆیە شوێنی باوەڕ نییە،

چونکه کەسێک ئەگەر بریندار بێتو خوێنی زۆری لەبەر رۆشتبێت، ئەو کارەی بۆ ناکرێت، لەهەمان کاتیشدا لەرێگای پەنجەکانی قاچەوە تفەنگ بتەقێنرێت ناتوانێت نیشانە بپێکێت، چونکە دەجوولێت، هەر لەوکاتەشدا سەید عەتا کە بریندارە، جوولەی تێدا کز بووەو زۆر ستەمەو ناتوانێت بەو کارە هەڵبستێت. بۆیە لەم رووەوە بۆ ئەوە دەچم، کە هەر (سەعید بەگ) بۆ تۆڵەسەندنەوە دەبێت ئەو کارەی کردبێتو کۆتایی بەژیانی سەید عەتا هێنابێت.

لێرەدا، لەوە زیاتر نامەوێت درێژە بەنووسین لەسەر ئەو نامیلکەیە بدەم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم، ئەو دوو کەسایەتییە کە دوژمن بەدەسەلاتی رژێمی ئێران بوون، خۆشیان لەنێو هێزیاندا نێوانیان باش نەبووەو نەیانتوانیوە برا بنو بمێننەوە، بۆیە بەزوویی کەوتوونەتە ناو داوی نەمان و بوونەتە قوربانی ململانێکانیان.

لەکۆتاییدا، (حەمە تاڵ) لە ناوچەی شلێری پێنجوێن ژیانی ئاوا بوو، و گۆڕەکەی لە پێنجوێنە. (سەید عەتا)ش لەگردی سەیوانی سلێمانی بەخاک سپێردراوە کە بەوتەی دانەری نامیلکە مەزارگەکەی خەڵکێکی زۆر دەچنە سەری بۆ زیارەتکردنی.

پەراوێزەکان:

1. نەحمەد شا:

دواین شای قاجاریەکانە، دوای ڕۆژێک لەلابردنی محەمەد عەلیشای باوکی لە 1909/7/18، لەسەر تەختی پادشایەتی لەتاران دانیشت. مایەوە هەتاکو ساڵی 1925 کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی هێناو لەشوێنی خۆی کردە پادشای ئێران.

2. ئیسماعیل ئاغای شکاک:

ناسراو بەسمکۆ، ساڵی 1897، یان 1899، بەپێی قسەی ئیگڵتوونی کۆماری مەهاباد، لەشارۆچکەی (چارێ) لەدایکبووە، کوڕی محەمەد ئاغای شکاکە. ساڵی 1911 بەدواوە، پێشەوایەتی عەشیرەتی شکاکی کردووە، توانیویەتی شۆڕشێکی گەورە دژی حوکمی قاجاریی‌و ڕەزا خانی پەهلەوی بەرپا بکات. لە حوزەیرانی 1930 لە بۆسەیەکدا بەپیلانی کاربەدەستەکانی ئێران، لەشاری شنۆ شەهید کرا.

3. نادر شای ئەفشار:

پیاوێکە لەعەشیرەتی ئەفشاری قزلباش، ساڵی 1688 لەمەشهەد لەدایکبووە، لەحەماڵێکەوە بووەتە سەرکردەی ڕێگەگران‌و قەڵای سەختی نادری لەخۆراسان کردۆتە شوێنی خۆی. لەساڵی 1726 لەکاتێکدا لەخزمەتی شا تەهماسیی میرزای کوڕی مەلیکی سەفەوی شا حسێندا بووە، لەژیانی ڕامیاری ئێراندا دەرکەوتووە. ساڵی 1729 توانی ئەفغانییەکان لەئێران دەربکاو دواتریش ئەرمینیاو جۆرجیاو شوێنەکانی تر

لەتورکەکان بگرێتەوە. لەماوەی ئەم شەڕانەدا بەناوی نایبی شا عەباسی سێیەمی کوڕی تەهماسەوە فەرمانڕەوایی کردووە. دوای مردنی شا، نادر هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی ئێرانو لەساڵی 1736 سەردەمێکی نوێ بەناوی سەردەمی ئەفشاریی لەمێژووی ئێراندا دروستکرد.

بۆ ئەمە بڕوانە: علی خضیر عباس المشایخی، نفس المصدر السابق، ص18.

4. کەریم خانی زەند:

(1704 یان 1705. 1779)، یەکێک بووە لەسەرکردەکانی سوپای نادر شا، لەکاتێکدا وڵات تووشی ئاژاوەی ناوخۆ هاتووە، دوای کوشتنی نادر شا، تێکۆشاوە بۆئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست. لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووەو بۆتە گەورەی هەموو ئێران، تەنیا خوراسان نەبێت.

بۆ ئەمە بڕوانە: علی خضیر عباس المشایخی، نفس المصدر السابق، ص 18.

5. مەحمود خانی کانی سانان:

ناوداریکی دەستڕۆیشتووی ناوچەی مەریوان بووە، نەخشی بەرچاوی لەڕووداوەکانی ناوچەکەیدا بووە.

1945/12/12 بە نەخۆشی براوەتە تاران بۆ چارەسەر، 1946/1/17، لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

بۆ ئەمە بڕوانە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی دووەم، لا 264. 265.

6. فەرەج خان: (1921. 1922):

بەهۆی تەنگەتاوکردنیەوە لەلایەن مەحموود خانی فەرماندەی بانەوە، هەلات. پاشتر بەتیکەوتنی ئایەتوللا شێخ محەمەدی مەردۆخیی کوردستانی، لێی خۆشبوونو گەڕایەوە سەر ماڵو حاڵی. بەڵام کە هێزی پشتدەری لە 1926 دا، هێرشی بردە سەر سەردەشتو گەمارۆی سەربازخانەکەیدا، ئەوی تێدا کوژرا.

بۆ ئەمە بڕوانە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی دووەم، لا 265.

7. مەحمود پاشای جاف (1846. 1921):

ئەم زاتە، کوڕی حەمە پاشا کوڕی کەیخوسرەو بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی قادر بەگی کوڕی زاهیر بەگی کوڕی یار ئەحمەد بەگی جافی جوانڕۆیە، ساڵی 1846 لە دایکبووە. مەحموود پاشا کوڕە گەورەی حەمە پاشایە، بەخۆیەوە حەوت برا بوون.

محەمەد ئەمین زەکی سەبارەت بە مەحموود پاشا دەڵێت: مەحموود پاشا سەرۆکی عەشیرەتی جافە، لەپاش مردنی باوکی جڵەوی سەرۆکایەتیی عەشیرەتی جافی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، هەروەها لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بووەتە قائیمقامی هەڵەبجە. پاشان گوێزراوەتەوە بۆ والیەتیی (ئورفە) و پاش ئەوە چووە بۆ ئەستەنبوول.

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. حەسەن جاف، کەشکۆڵی مەحمود پاشای جاف، بەرگی یەکەم، بەیرووت 2014، لا 9 بەدواوە.

تیشکێك سەبارەت ئاڵەنگاری و سەرکێشی و یاخیبوون

بەگشتی و هەمە تاڵی بانە وەك نموونە

نووسینی: پ. د. هۆگر شێخ مەحموود

پاشکۆی دووهەمی باسەکە:

هیچ گومانێک لەوەدا نییە، کە هەرگیز یاخیبوون لە مرۆڤدا لەخۆوە سەرهەڵنادات، **ئەگەر پاڵنەرێک،** یاخود کۆمەڵە پاڵنەرێک لەئارادا نەبن، **کە مرۆڤ** بەو ئاڕاستەیەدا ببەن. دیارە پاڵنەرەکانیش **کەمنین.** لێرەدا سەرپێیانە چەردەیەکیان بەیاد دەکەین، لەوانە: پاڵنەری ئابووری، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، چینایەتی، ئایینی، بەرتەکی هەڵاواردنو زوڵمی دەسەڵات، پاڵنەری جینەتیکی، ئەگەرچی ئەمەیان زۆرێک لە لێکۆڵان لەگەڵیدا نین، هەرچەندە بەشێوەیەک لەشێوەکان بوونی هەیە.

ئەگەر لەمێژووی دوورو نزیکی مرۆڤ بڕوانین، ئەوا لەزۆر لەسەردەمەکاندا یاخیبوون هەبووە. بۆ نموونە یاخیبوونی کۆیلەکانو دوواتر شۆڕشەکەیان، کە (سپارتاکۆس) سەرۆکایەتیی

کـردن. ئـەو شـۆڕشـە یەکێکە لـەنـموونـەکـان، کە کۆیلەکان لەبەرامبەر چەوساندنەوەیاندا لەلایەن خاوەنەکانیانەوە، بەرپایانکرد. یاخود ئەو کارانەی، کە لەمێژووی نیوەدورگەی عەرەبدا، سەعلووکەکان بەرامبەر بەدەوڵەمەندو دەسەڵاتدارەکان دەیانکرد. سەعلووکەکان خـۆیـان کەسانێک بـوون هـەژارو نـەدار، بـەڵام ئـازاو چـاونـەترس، هـاوکـات وریـاو خاوەنی توانای جەستەیی و لەگەڵیشدا هەستیان بـەو لاسـەنـگـیـیـەی بـاری ژیـان و گـوزەرانـی هـەژارانو بێدەرەتـانـان لەبەرامبەر دەوڵـەمـەندو خاوەندەسەڵاتەکاندا، دەکـرد. جا رادیتن لەتوانای جەستەییو لەڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان لـەخـۆیـانـدا، ئـەمـانـە پێکـەوە کـەشـی یـاخـیـبـوونو دەستوەشاندنی بۆ فەراهەمکردوون. هەربۆیە کاتێک کەسێک لەوانە رێچکەی یاخیبوونی گرتووە، بەدووایدا هاوهەستو هاوبارودۆخەکانیان خدەی چاولێکەریو جێپێهەڵگرتنی ئەو پێشەنگەیان لەو بـووارەدا، تێدا دەجوولێت. لەدەوری پێشەنگەکە کۆدەبنەوە، یاخود بەتەنیا دەکەونە گرتنەبەری ئەو رێگەیە. هەرچی سەعلووکەکانن جۆرێک لەکۆمەڵەی تایبەت بەو یاخیبوونو چەتەگەرییەیان دروستکردووە. دوواتر

سەرانە لێسەندنو رووتکردنەوەو تالانکردنی دەولەمەندەکان، ئەو کارانەیان کردووە بەپیشە، بەڵام هاوکات هاتوون هاوکاریی خێزانە هەژارو بێدەرەتانەکانیان پێکردووە.

کەواتە ئەمانەش پاڵنەریان لاسەنگینی باری گوزەرانو هەبوونی چەوسانەوەو زەبرو زەنگ لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بووە. واتە یاخیبوون هەمیشە پاڵنەری خۆی هەبووە. تەنانەت تەیموری لەنگی ئۆزبەکی، کە لە سەدەی چواردەدا کەوتووەتە ناو ناوانەوەو دوواتر بووەتە سەرکردەیەکی ناودار، ئەمیش سەرەتاکەی منداڵێکی جوانکیلەی ئاسایی بووە، بەڵام زۆرلێکردنی ڕۆژانە لەلایەن منداڵانی حوجرەوە لێی دوواتر لەچواردە ساڵیدا کە لەلایەن کەسێکەوە بۆ دەستدرێژیکردنە سەری تەنگیپێهەڵدەچنرێت، ئیدی توانای بەرگریکردنی دەتەقێتەوەو لەکەسەکە هەڵدەگەڕێتەوەو دەیکوژێت.

دوواتر لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا لەلایەن سەرلەشکرێکەوە سووکایەتیی پێدەکرێت، ئەمیش بەمە قایلنابێتو رووبەڕوویدەبێتەوە، دەیکوژێت.

لێرەوە ئیتر دەستیدەکرێتەوەو ئەوەی لێدەرچووە، کە زۆرداران لێیبترسنو هەنگاو هەنگاو

بوێرى‌و ناوبانگى پەرەبسێنێت‌و ئەو سەرکردەیەى لێدەربچێت، کە ئاکام ببێتە کەسێک ئەندێشەى جیهانگیریى تێدا چەکەرە بکات‌و ولاتان داگیربکات.

کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکى تر، لەمێژووى دوورونزیکیدا، ئەم دیاردەى یاخیبوونەى تێدا هەبووە، چ وەک تاکە کەس‌و چ وەک دەستەو کۆمەڵە. دیارە هۆکارى دەرکەوتنیشیان، وەک هەموو نەتەوەکانى تر، بۆ یەکێک لەو پاڵنەرانەى باسکران، یاخود پتر لە پاڵنەرێک دەگەڕێتەوە. دیارە مێژووى کورد وەک نەتەوەیەکى داگیرکراو، مێژوویەکى دوورو درێژە، هەربۆیە داگیرکراویى کوردستان وایکردووە، نەتەوەى کورد چەوساندنەوە تێیدا چەند لۆنە ببێتەوە. هۆى ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە داگیرکەر لەپێناوى بەرژەوەندیى خۆیدا کارى داگیرکردن دەکات، ئەمەش وا دەکات گوشارى پتر بخرێتە سەر چین‌و توێژەکان لەپێناوى زۆرترین ئاستى رووتاندنەوەى نەتەوە داگیرکراوەکەدا. جگە لەوەش داگیرکەران لەزۆر باردا کەلتوورو ئایین‌و زمان‌و تایبەتمەندیى جیاوازى خۆیانیان هەیە. ئەمە وا دەکات بەکەمگرتن‌و بگرە سووکایەتى بەتایبەتمەندییەکانى نەتەوە داگیرکراوەکەوە،

بکرێت. هەربۆ نموونە فارسەکان گوزارشتێکی رەگەزپەرستانەیان بەرامبەر بەکوردو زمانی کوردی هەیە، کە دەڵێت:

(فارسی شکر أست، تورکی هنرأست، کوردی گوزی خرأست)

واتە فارسی شەکرە، تورکی هونەرە، کوردی تڕی کەرە. ئەمە لەکاتێکدا کە کوردو زمانەکەی کۆنترین نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئێرانیشن. دیارە گومانیش لەوە ناکرێت، کە ئەو سووکایەتییە بەکوردو زمانەکەی، لەلایەن کوردەوە بێ پەرتەک نابێت. هاوکات دەربڕاوێکی وا لەلایەن فارس، یان نەوەکانی قەرەقۆینلوو و ئاققۆینلووەوە، بەو دڵڕەشییە دوژمنانەیەوە، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان داگیرکەری نیشتمانی ئێمەن، هەربۆیە زمانی کوردی دەکەنە ئامانج بۆ لێدان، چونکە چاکدەزانن، کە خودی زمان رایەڵە بەهێزەکەی نەتەوەیە بەگشتی و بۆ کوردیش هەروایە. یاخود تورکانی داگیرکەر، کە کار بۆ سڕینەوەی ناسنامەمان دەکەنو پێماندەڵێن تورکی شاخاوی. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەناو خۆیاندا کە باسی کورد بکەن، دەڵێن «ئەشەک کورد» واتە کوردی کەر. عەرەبیش هەر بەو چەشنەو بگرە

خراپتریش، چونکه لەکۆنەوە نەتەوەی ئێمەیان بەنەوەی جنۆکە لەقەڵەمداوە، بۆ ئەم بیرکردنەوە رەگەزپەرستانەو نەفامانەیان چیرۆکی پڕ لەدرۆی شاخداریان هەڵبەستووە، تاوەکو لە رێگەیەوە لەشکۆی کورد بدەن، چونکە هەرکات نەتەوە زمانی لەدەستبداتو شکۆمەندیی نەتەوەیی خۆی و تایبەتمەندییەکانی نەپارێزێت، ئەوا ئەو نەتەوەیە ئامادەی تووانەوە دەبێت لەبۆتەی داگیرکەرانیدا. نموونەی ئەو نەتەوانەش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمنین، کە بەم چەشنە ناسنامەیان لەدەستداوە، لەوانەش زۆرن. کەواتە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو سووکایەتپێکردنانە، کاریگەری و بەر تەرک لەدەروونی رۆڵەکانی نەتەوەی داگیرکراودا دروستدەکەن، کە دەشێت لەلایەن تاک، یاخود کۆمەڵەی نارێکخراوەوە بێت، خۆ ئەگەر ئاوەزی دوور ئەندێشو بیرمەند هەبێت، ئەوا دەکرێت ئەمانە بکرێنە هەوێنی دروستکردنی رێکخراو و پارتی بەرهەڵستکار بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی نیشتمانە داگیرکراوەکە..

هەروەک پێشتر خستمانەڕوو، یەکێک لە پاڵنەرەکانی یاخیبوون بۆ هەژاریی‌و کوولەمەرگی دەگەڕێتەوە.

نەتەوەی داگیرکەریش هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە سامانو بەرهەمی رەنجی نەتەوەی داگیرکراو بەتاڵان ببات‌و خەڵکەکە لەخێرو بێری نیشتمانەکەیان بکات. لە ئاکامدا نەتەوەی داگیرکراو ئاستی هەژاریی تێیدا باڵا دەبێت. لەبەرامبەردا نەتەوەی داگیرکەر ئاستی ژیانی تاک تێیدا، لەناو وڵات‌و شارەکانیاندا باڵا دەبێت، چونکە جگە لەبەتاڵانبردنی سەروەت‌و سامانی نیشتمانی داگیرکراو، هاوکات هەر پرۆژەیەکیش بۆ وەبەرهێنان هەبێت، ئەوا هەر بۆ وڵات‌و نیشتمانی خوودی داگیرکەرەکە دەبێت. ئەمەش بەبێ بیرکردنەوە نابێت، چونکە داگیرکەر چاک دەزانێت، کە بۆ زۆرینەی خەڵک کاتێک کە برسیبن، خەمی نانِ بۆیان لەپێش هەموو خەمێکەوە دەبێت.

واتە زۆرینە لەوەها هەلومەرجێکدا ناپەرژێنە سەر بیرکردنەوەو دەستخستنەسەر هۆکارەکانی برسیکردنەکەیان، ئەگەرچی هەمیشە خەڵکانێک هەبوون‌و هەن کە لەو خەمەدا بن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو کاریگەرییەیان نەبووە، ئەوا داگیرکەر توانیویەتی سەرکوت‌و بگرە لەناویشیان ببات.

سەبارەت بەوەی باسکرا، سەرگوزەشتەیەک لەشێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودی حەفید

دەگێڕڕێتەوە، کە کاتێک سوڵتانی عوسمانی بانگهێشتی کردووە بۆ ئەستانبوڵ ساڵی 1901، شێخ مەحموودی لەگەڵدا بووە، گەرچی تەمەنێکی وای نەبووە. جا کاتێک شێخ مەحموود دەبینێت ئەستانبوڵ شارێکی جوانەو خانووەکانی بە بەرد بیناکراونو رازاوەن، خەڵکەکەشی پۆشتەو پەرداخن، کەچی سلێمانیش خانووەکانی لەقورنو خەڵکەکەشی شڕۆڵن، لەباوکی دەپرسێت هۆی ئەم جیاوازییە چییە؟ شێخ سەعید لەوەڵامدا دەڵێت: «کوڕەکەم ئەمانە بۆ خۆیان دەژین، بەڵام ئێمە بۆ ئەمان دەژین» ئەو وەڵامەی شێخ سەعید، وەڵامێکە لەئاوەزێکی بیرکەرەوەوە سەرچاوەیگرتووە، چونکە دەستی خستووەتە سەر برینە سەرەکییەکە. هاوکات ئێمە نازانین ئەو بانگهێشتە لەلایەن سوڵتانەوە بۆچی بووە، ناشزانین چی لەنێوانیاندا وەک قسەو باس گوزەراوە. ئایا هەر پیاهەڵدانو رووپامایی بووە، یاخود قسەگەلێکیش کراون، کە جەورو ستەمی دارو دەستەی تورکانی خستبێتەڕوو و باسی چەوسانەوەو کوولەمەرگیی خەڵکی شاری کردبێت. گرنگ ئاکامی شێخ سەعیدە، کە لەو سەفەرەی نەگەڕاوەتەوە سلێمانی، چونکە لەموسڵ دەکوژرێتو چیرۆکێکیش

بۆ ئەو پیلانە سازدەکرێت، کە مێژووی نەتەوەی ئێمە لەگەڵ تورکدا، نموونەی زۆری لەو چەشنەی تێدایە:. هەر بۆ نمونە دووای پەلاماردانی میرنشینی سۆران لەلایەن سوپای تورکەوە، تێکدەشکێو میر محەمەدی پاشا کۆرە بەدیلی بۆ ئەستەمبوڵ دەبرێت. پاش ماوەیەک گوایە سوڵتان ئازادیکردووەو رێگەی پێداوە بگەڕێتەوە ناوچەی خۆی، کەچی لەگەڵ گەیشتنە سەر سنووورەکانی ویلایەتی مووسڵ، بەپیلانێکی پێشوەخت دارێژراو، دەکوژرێت. **خۆ** ئەگەر لەم نموونانە بڕوانین، ئەوا دەبینین **هەمیشە** ئەگەر لەناو داگیرکراواندا، کەمینەیەک لەبیری یاخیبووونو تۆڵەسەندنەوەدا بن، داگیرکەران بۆ بەرەنگاربوونەوە، هەمیشە لەناو نەتەوە داگیرکراوەکەدا جاشو خۆفرۆشی بەچڵکاوخۆر گرتووە، تاوەکو بتوانن هەرچی بیانەوێت لەڕێگەی ئەمانەوە بەکەمترین ئەرک بۆ خۆیان، بەدەستیبهێنن.

جا ئەو چڵکاوخۆرانە بەپێی ئەوەی کە لە نەتەوەکەنو هی نیشتمانەکەنو شارەزایی هەموو لایەنەکانی نەتەوەکەن، ئەوا ئەمانە گوشاریان زۆر زیاتر دەبێت لەوەی کە داگیرکەر خۆی دەیکات، چونکە ئەمانە دوو لۆنە نەتەوەکە دەچەوسێننەوە.

لـۆی یەکهەم بـۆ ئاغاکانیان، لـۆی دووهـەم بۆ خۆیان. کەواتە باری شانی خەڵکەکە گرانتر دەبێت. لەبەرامبەردا رق‌و کینەی چەوسێنراوان لەبریی ئەوەی ئاڕاستەی دوژمنە سەرەکییەکە بکرێت، کە بێگانەکەیە، ئاڕاستەی جاشانی نەتەوە دەکرێت. دیارە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێکرانی ئامانجێکی تری داگیرکەرە، کە بریتییە لەپەرتکردنی هێزی نەتەوە لەڕێگەی خەڵکانی ناو نەتەوەکە خۆیەوە. هەربۆیە زۆرجار یاخیبوون لەلایەن تاک یان چەند کەسێکەوە دژ بەو جاشانە سەریهەڵداوە. لەناو ئەو یاخیبووانەدا تێیاندا هەبووە ماوەیەک بەردەوامبووە، دوواتر بەکوژرانیان لەڕێگەی تـەڵـەو گەندەڵفێڵەوە، یـاخـود راسـتـەوخـۆ لەلایەن داگیرکەرانەوە، کۆتاییان پێهێنراوە، جا ئەگەر بەوردی گوێ لەبەندو لاوکـو فۆلکلۆری کورد بگرین، ئەوا سەربردەو هەڵوێستو تەنانەت چۆنییەتیی کۆتاییە تراژیدییەکانی ئەو کەسانە بەشێوەیەک لەشێوەکان لـەیـادگـەی قۆناغێکی نـەتـەوەکـە بەگشتی، یاخود لەهەرێمێکو ناوچەیەکی دیـاریـکـراودا، دەمـاو دەم پارێزراون، زۆرجار ئەو یاخیبووانە بوونەتە هەژێنەی ئەندێشگەی نووسەرانو لەشێوەی ئەدەبیدا بەناوی جیـاوازەوە، کراونەتە پاڵەوانی رۆمـانو نووسینی

ئەدەبیی هەڵسووڕێنراو بەپێی خواستی نووسەر.

هەر بۆ نموونە یەشار کەمال، کە حەمە دۆک دەنووسێت، ئەفراندنی کەسێتیی حەمە دۆک زۆر نامۆ نەبووە بەو چیرۆکانەی، کە یەشار کەمال، کە بۆ خۆی کوردەو بەزمانی تورکی دەینووسی، لەمندااڵیدا لەدایکیو لەکەسانی دەوروبەریەوە بیستونی، بەاڵم دووجار ئەو وەک رۆمانووسێکی بەتوانا هاتووەو حەمەدۆکی هەڵسوڕاندووە بەشێوەیەک، کە خولیای بەدواداچوونی زنجیرەی پێشهاتەکانی حەمەدۆکی تێدا دروست بێت، سەبارەت بەتاک لەکۆمەڵدا، کاتێک یاخیدەبێت، ئەم یاخیبوونە هۆکارەکانی هەروەک باسکرا، زۆرن، جا ئەگەر لەمێژووی ژیانی تاکە یاخییەکان بڕوانین، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەتوانین ئەوە بزانین، کە قۆناغی مندااڵێتی تاکەکە، رۆڵێکی زۆری لەبنیاتی کەسێتیی ئەودا بۆ قۆناغەکانی دوواتری ژیانی دەبێت، لەوەدا کە ئامادەیی یاخیبوونی تێدا دروستدەکات.

هەر بۆ نموونە ئەوانەی کە یەکێک لەدایک و باوک لەدەستدەدەن، جا چ بەمردن بێت یاخود بە نەگرتنەخۆو سەرپەرشتینەکردنی لەمندااڵیدا، ئەمانە وا دەکەن، کە تاکەکە هەوڵی رزگاربوون لەوبارە

دەروونییە بدەنو بەجۆرێک لەجۆرەکان رزگاریان ببێت، ئەوەش بەتۆڵەکردنەوە بێت لەدەوروبەر، یاخود ئاڕاستە بکرێت بۆ زۆر لایەن، جا چ ئاغایەک بێت یان بەرپرسێکی میری.. تاد. هەرکاتێکیش کوشتنی تێبکەوێت، ئیتر کەسە یاخییەکە دەکەوێتە قۆناغێکی ترەوە، چونکە دەسەڵات، یاخود خاوەنی کوژراوەکە دەکەونە بیری تۆڵەسەندنەوەوە، ئەگەر ئەمەیان لەتوانادا بێت.

هەربۆیە هەمیشە دەسەڵاتو قانوون بەدووایەوە دەبن، بەبێ ئەوەی وردەکاریی هۆکارەکانی ئەو کوشتنە لەبەرچاو بگیرێت. بەڵام ئەگەر دەسەڵات خۆی یان بەکرێگیراوانی بکوژ بن، ئەوا هەمیشە مافی خاوەن کوژراو دەخورێت.

ئەو بارە وا دەکات کەسی یاخی پترو پتر لەیاخیبوونەکەیدا رۆبچێت، کە ئیتر هێندێکجار گەڕانەوە لەتوانادا نابێت.

کەواتە منداڵیی مرۆڤ، کاریگەریی زۆری لە دروستکردنی کەسی یاخیدا هەیە، بەتایبەت ئەوکاتانەی کە منداڵ منداڵییەکی پڕ لە هەژاریی و توندوتیژییو چەوساندنەوەی خۆی، یاخود دایکو باوکی لەلایەن ئاغا، یان دەسەڵاتەوە هەبووبێت. لەو بارانەدا،

که بەرهەمی رەنجو دەرامەتیان بەتاڵاندەبرێتو تاڵانکەر خۆشگوزەران و شادەو منداڵانیان پۆشتەو پەرداخنو ئەمانیش برسی و رووتو لەشبەبار، هەموو ئەمانە جۆرێک لەرق لەدەروونی منداڵدا دروستدەکەن، کە پاڵنەری دروستکردنی کەسی یاخی و دەستوەشێنبن. بارودۆخی کوردستانی خۆشمان بۆ سەرجەم پارچەکان، تا پەنجاکانی سەدەی پێشوو، ئەو جۆرە چەوساندنەوانەی بەئاشکرا تێدا بووە. هەر ئەوەش وایکردووە (حەسەنی قزڵجی) لەڕێگەی ئەدەبەوە، بەچیرۆک لە «پێکەنینی گەدا» کەیدا، بە چیرۆکی «هێلکەی هادی بەگی» گوزارشت لەو چەوساندنەوانە بکات.

هەروەکچۆن عەلادین سەجادیش بەچیرۆکی «رۆنە زەنگی حەمەسەن» گوزارشتی لێکردووە.

ئەو هەلومەرجانە هاوکات نەبوونی پەروەردەی دروست، لەگەڵ ئەوەشدا گوشاری بەردەوامی دەسەلاتی داگیرکەرو چڵکاوخۆرەکانی ناوخۆ، هەموو ئەوانە پێکەوە رێخۆشکەر بوون بۆئەوەی لێرەو لەوێ کەسی یاخی، پێکۆڵو ئاڵەنگیری لەگەڵ دەسەلاتو پیاوانیدا بکەن. جا ئەو یاخییانەی کە دەستوەشاندنیان تەنیا لە دەسەلاتو چڵکاوخۆرانیان

بووبێت، ئەوا لەلایەن خەڵکەوە، بەنهێنی هاوکارییان کراوە، دیارە ئەوەش زۆر بەنهێنی بووە، کەواتە لای خەڵکەکە خۆشەویست بوون، بەڵام ئەگەر کەسەکە ڕەشەکوژو شەلم کوێرم زیانی بەخەڵکی ئاسایی گەیاندبێت، ئەوا لە لایەن خەڵکەکەوە بێزراو و ناحەز بوون، حەزیشیان بەتێداچوونیان کردووە.

هێندێکجار یاخیبوون هۆکارەکەی پێوەندیی بەخۆشەویستیی نێوان کوڕو کچێکەوە هەبووە، کە بەپێی دابونەریتی دوواکەوتوو، باوانی کچە رازینەبوون بەو کوڕە بۆ کچەکەیان، ئەوەش لەبەر نەداریی کوڕەکە، یاخود تەنیا لەبەرئەوەی کە لەگەڵ کچەکەیاندا دڵداریی کردووە، یاخود لەناکاوێکدا ئاغایەک یان دەسەڵاتدارێک هاتووەتە داخوازیی کچەو ئیتر بەبێ گوێدانە بۆچوونی کچەکە، رازیبوونو داویانەتێ.

بێگومان ئەوەش گیانی تۆڵەسەندنەوەی لەکوڕەدا هەژاندووە. (گۆران) بەشیعر گوزارشتێکی جوانی لەوبارە کردووە، کە چۆن کوڕە شوان کلکو باڵی وڵاخی بۆ ئەتکو بۆ پەند، بڕیوە. ئەمەش بەپێی کەلتووری ئەوکاتە، سوکایەتیکردنێکی گەورە بووە بەو ماڵە زاوا دەسەڵاتدارە.

دوواتر کارەکە پەرەی سەندووەو کەسی یاخی دەستی چووتە خوێنو لەوە دەرچووە، کە بتوانیت بۆ ژیانی ئاسایی بگەڕێتەوە. بۆ یەکەمجار ئەمانە بەمەرگی ئاسایی مردوون، چونکە بەزۆری بەکوژران کۆتاییان هاتووە.

لەسنووری ئەم سەدو پەنجا ساڵەی دووایدا، بەتایبەت لەباشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان، کە پتر زانیاریمان پێگەیشتووە، چەندان کەسی سەرکەشو یاخی سەریانهەڵداوە، تێیاندا هەبووە، کە توانای کۆکردنەوەو کەسانی تری لەدەوری خۆی هەبووەو بەوەش کۆمەڵەیەکیان پێکهێناوەو کەسی یەکەم ئاڕاستەی کردوون.

ئەو کاتانەی کە کۆمەڵیان لێپێکهاتبێت، ئەوا بۆ داگیرکەران بوونەتە ترسی راستەقینە، چونکە ئەگەر رێکخراوێک یان حزبێکی دیاریکراو. بیتوانیبا بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو بیانکاتە خاوەن خواستی رامیارییانە، ئەوا هەلی فراوانبوونیان وەک جوولانەوەیەکی رامیاریی نەتەوەیی بۆ دەڕەخسا. دیارە ئەوەش دەبووە هۆی مەترسی بۆ دەسەڵاتە داگیرکەرەکان. هەربۆیە هەمیشە هەوڵیانداوە بەزۆر رێگە ئەمانە لەناوببەن، هەرواشیانکردووە.

لەو کەسە یاخییانەی کە ناویان دەماو دەم بەسەر زارانەوە بووە، (حسە شوولّە، حسە تاقە، سەید عەتا، خولە پیزە، حەمە تالّی بانە... تاد.

هەر بۆ نموونە (برایمی کوڕی عەبدەکە، کە عەرەب بە (ابراهیم ابن عبدکه) ناویاندەبرد، ئەم کەسێتیە، کوردێکی سەر بەهۆزی سوورەمێری بووەو خەڵکی گوندی (زیابە)ی سەر بەشارەبان بووە. برایەکی برایم دەکوژرێت، ئەویش کە دەزانێت بکوژەکان چوونەتە بەغدا، دەچێتە بەغداد لەگەڕەکی (باب ئەلشەیخ) لەتۆڵەی براکەیدا یەکێک لە بکوژەکان دەکوژێت، دوواتر لەمیری یاخیدەبێتو پەنا دەباتە بەر باخەکانی (دیالە) و دەکەوێتە شەڕکردنو ڕێگریی لەجەندرمەکانی تورک، چونکە ئەوکاتە عوسمانییەکان حوکمڕانی ئێراق بوون.

بەوهۆیەوە برایم ناوبانگ پەیدا دەکاتو لەناو خەڵکدا بەنموونەی ئازایەتیو جەنگاوەریی، ناوی دێت. دووای ئەوە ژمارەیەک لەکەسانی سەرکێشو یاخی لێی کۆدەبنەوە. بەوەش توانای بەرەنگاربوونەوەو دەستوەشاندنەکانی لەهێزی جەندرمەی تورک پتر دەبن.

بەچەشنێک دەسەڵاتی تورک، پارەیەکی زۆر وەک خەڵات دادەنێن بۆ ئەو کەسەی کە بتوانێت

بەزیندوویی، یاخود بەمردوویی بیگرێتو رادەستی میریی بکات، کەچی کەس ئامادە نەبووە گوێ لەو بانگەوازەی میری بگرێت، چونکە وەک دەگێڕنەوە برایم پیاوێکی جوامێرو بەوێژدان بووە، هەرگیز دەستدرێژیی نەکردووەتە سەر کەسانی هەژارو زەبوون، هەروەک هیچکات رووبەڕووی ئافرەت نەبووەتەوە، کە ئەمەش یەکێکە لەخەسڵەتەکانی مرۆڤی کورد. هەربۆیە خەڵکی خۆشیانویستووەو بگرە یارمەتیشیانداوە، بەتایبەت لەوکاتانەدا کە رووبەڕووی جەندرمەکان بووەتەوە، کارئاسانییان بۆ دەربازبوونی کردووە.

دوواتر کە عوسمانییەکان لە جەنگی دووهەمی جیهانیدا تێکدەشکێنو تورک پاشەکشە دەکەنو ئینگلیز ئێراق داگیر دەکات، برایم هەر خۆی بەدەستەوە نادات. هەربۆیە ئینگلیزەکانیش دەکەونە هەوڵی لەناوبردنی، بەڵام ئەم پتر دەست لەئینگلیز دەوەشێنێتو زۆر زیاتریان لێدەکووژێت وەک لەتورکەکان. کاتێکیش کە ئەوەی لەمێژووی ئێراقدا بەشۆڕشی بیست ناودەبرێت، سەرهەڵدەدات، ئیدی ئەمە وا دەکات برایم بەهەموو توانایەوە تێیدا بەشدار بێت.

تەنانەت وەک (سامی خەوەندە) باسیدەکات، برایم یەکھەم کەس بووە، کە هەڵمەتی بردووتە سەر (باقووبە) و چووەتە ناویەوە، بەرلەوەی هێزی خێڵەکان بچنە ناوەوە. هەر (سامی خەوەندە) دەڵێت کاتێک ئینگلیزەکان گوێیان لەتەقەی برایمو هاوڕێکانی دەبێت، کە لەسەروو شارەوە هاتوونەتە ناوەوە، رادەکەنو خۆیان لەسەربازگەی پرددا حەشار دەدەن.

دوواتر هێزی خێڵەکان دێنە ناوەوە. برایم زۆر لەباقووبە نامێنێتەوە، بەپەلە بەرەو شارەبان دەڕواتو دەبینێت هێزی خێڵەکان گەمارۆی قشڵەیان داوە، ئەمیش هاوکارییان دەکاتو شەڕی قشڵە دەکات. پاشان پیاوەکانی برایم، لەباخەکانی دەرەوەی قشڵەدا خاتوونێکی ئینگلیز بەناوی (زتون)، کە خۆی شاردبووەوە، دوای ئەوەی کە کابتان (بۆکانان)ی هاوسەری لەگەڵ زۆری تردا، کوژرا بوون، دەدۆزنەوەو دەیگرن. لەناو پیاوەکانی برایمدا هەبوون، کە ویستوویانە دەستدرێژیی بکەنە سەر، بەڵام برایم دژیان دەوەستێتو ناهێڵێت ئەوە روویدات، بەسەلامەتیو بەڕێزیشەوە دەیگەیەنێتە ماڵی شێخ مەجید.

دوواتـر برایم گوندی خرنابات دەکاتـە بنکە. دانیشتوانی گوندەکەش هاوکاریان کـردووەو چەکیشیان بۆ پاراستنی گوندەکەیان لەمیری هەڵگرتووە، برایم بەچەشنێک بۆ ئینگلیزەکانیش ببووە هەڕەشە، کە بەیاننامەی فەرمی لەسەر دەربکەنو دوواتر هێزی سەربازیو بەتۆپخانەوە هێرش بکەنە سەر خرنابات و پتر لە (31) کەس بکوژنو (119) کەسیش دەستگیر بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا **برایم** توانیویەتی خۆی دەرباز بکات.

یاخیبوونی کـورد، بەتایبەت کـوردانـی **فەیلی**، لەبەغدادیشدا هەر هەبووە، بەتایبەت لە **سییەکانو** چلەکانی سەدەی پێشوو و دووات**ر**شدا هەر **دریژەی** هەبووە. ئەو رۆژگارە ئەو یاخییانە لەناو بەغدادا بە (شەقاوە) دەناسران. ئەو ناوانەی ئەو رۆژگارە کە لەیادگەی بەغدادییەکاندا ماون، لەوانە: (کوڕی شاهێنی فەیلی)، هەروەها (گەزگە فەیلی) ئەمانە لەسەرکێشو یاخییە دیارەکانی ئەو رۆژگارە بوون. ئەم دیاردەی سەرکێشیو یاخیبوونە لەپەنجاکانو شەستەکانیشدا هەر بەردەوامبووە، ئەگەرچی کەسەکان گۆڕاون. هەر بۆ نموونە لەکۆتایی پەنجاکانو شەستەکاندا، جەبار کـوردیو ستار کـوردی بـرای، دوو ناوی

ناسراو بوون وەک یاخی و سەرکێشی. کاتێکیش کە سەددام حسەین چووتە بەغدا، هەرزو هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەمانەدا پەیدا کردووەو زۆرجاریش لەماڵیاندا ماوەتەوەو هەر بەیەکیشەوە بوونەتە بەعسی. دیارە ئەو حیزبەش ویستوویەتی کەڵک لەتواناو سەرکێشی ئەمانە وەربگرێت، بەتایبەت لەو ململانێیانەی بەعسیدا لەگەڵ نەیارەکانیان، نەک هەر ئەوەش، بەڵکو دوواتر کاتێک کە سەددام پلە پلە لەو حزبەدا جێی خۆی قایم دەکاتو هەنگاو هەنگاو نەیارەکانی هەریەک بەشێوەیەک دووردەخاتەوە. لەوکاتانەدا ئەو کەسانەو هی تریش بۆ تۆقاندنو تیرۆرکردن بەکاردەهێنێت.

ئەوە بەردەوامبووە تاوەکو سەددام بەتەواوی جڵەوی کاری گرتە دەست، ئیتر لەبەر دوو هۆ، هەر خۆیان جەبار و ستار تیرۆر دەکەن، یەکەم بۆئەوەی رابردووی سەددام ، کەم تا زۆر پەردەپۆش بکرێت. دووهەم: چ سەددامو چ حزبی بەعس، ئیتر وەک ترسێک لە جەبارو کەسانی وەک جەباریان دەڕوانی، بۆیە کۆتاییان پێهێنان.

ئەو دیاردەی یاخیبوونو سەرکێشییە لەشارەکانی کوردستانیشدا چ سلێمانی و کەرکووک و.. تاد،

هەر بوونی هەبووە. بۆ نموونە هەر لەپەنجاکانو شەستەکاندا کەسانێک هەبوون، کە دەوڵەمەندەکانو تەنانەت حزبەکانیش هەوڵیانداوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریانبهێنن، ئەوەش لەلایەک بۆ پاراستنی خۆیان، لەلایەکی تریشەوە بۆ لێدانو بگرە چاوترساندنی نەیارەکانیان، کە لەهێندێک باردا لەپاڵ کاری شۆڕشگێڕیدا، کاری تیرۆریشیان پێدەکرا.

هەرچی خولە پیزەیە، توانیویە کۆمەڵەکەی فراوان بکات، چ بە براو خزمو کەسانی تری سەرکەشو یاخیی وەک خۆیان.

خولە پیزە بە چەشنێک دڵەڕاوکێی بۆ حکوومەتی پاشایەتیی ئێراقی سایەی ئینگلیز دروستکردبوو، بەردەوام هێزە ناچێگیرەکانو پۆلیسی ئێراقی لەجووڵەدا بوون بەدووای خولە پیزەو هاوڕێکانیدا. ئەم بەرەنگاربوونەوانەش هەمیشە زیانی زۆری بۆ مێری لێدەکەوتەوە، بە چەشنێک، کە کەم شارو شارۆچکەی ناوەڕاست و باشووری ئێراق هەبوون، کە کۆژراوی دەستی خولەو هاوڕێکانی بۆ نەچووبێتەوە. بێگومان شێخ لەتیفی حەفیدیش، لە پشت پەردەوە هاوکاریی خولە پیزەی کردووە، چونکە زیانگەیاندنی بەو دەستەڵاتە سەپاوەی

سەر کوردستانی لەبەرژەوەندیی کورددا بینیوە، لەبەرئەوەی ئاواتەکانی مەلیکی کوردستان بەدەستی ئەو رژێمە خەفە کرابوو. کەواتە دەستوەشاندن لەو دەسەلاتە لەهەرکەسێکەوە بووبێت، بە بەرژەوەندیی پرسی نەتەوەیی کورد زانراوە، نەک پێچەوانەکەی.

کەسێتیی حەمەتالّی بانەش، کە لەچارەکی یەکەمی سەدەی پێشوودا وەک ناوێک دەکەوێتە سەر زاران و وەک پەند ناوی لە فۆلکلۆری کوردیدا بەگوزاشتی: «سەرە رێیەکەی لێدەگرم، وەک حەمە تالّی بانە» دێت، ئەم کەسێتیە خۆی کەسێکی چاونەترس و ئازاو جەربەزە بووەو مندالّی خێزانێکی بەشمەینەتی گوندێکی بانەی رۆژهەلاتی کوردستان بووە.

حەمە تالّ ناوی تەواوی (محەمەد) بووە، کوڕی (فەقێ حەمە میرزا) بووە. لەسالّی (1890)دا لەدایکبووە، سەرەتا هەر بە (حەمە) ناسراوە. ئەو نازناوەی (تالّ)ەی، وەک دەڵێن لەلایەن رۆستەم خانی بانەوە لە (1904)دا، بەسەردا بڕاوە. ئەوەش بەهۆی گرژو مۆنیی روخساری و هاوکات جەربەزەیی و بوێرییەکەیەوە، بووە).

(دەستوەشاندنی حەمە تالّی بانە لە پیاوانی دەسەلاتی داگیرکەران لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، بۆ

ئەو رۆژگارە دەگەڕێتەوە، کە لەباشووری کوردستان) شێخ مەحموودی حەفید لەحوزەیرانی (1919)دا لەگەڵ ئینگلیزدا، کەوتبووە شـەڕەوە، لەبەرئەوەی ئینگلیز پاشگەزبووبوونەوە لەو بەڵێنانەی کە بەشێخ درا بوون. لەودەمەدا (رۆستەم خانی قوربانی) وەک کەسێتییەکی نیشتمانپەروەر، هاوکاریی پێشکەشی شێخ مەحموود دەکـاتو پشتیوانیی شۆڕشەکەی دەکات دژی ئینگلیزەکان.

داگیرکـەرانی رۆژهـەڵاتـی کوردستـانیش، کە هەر ئەڵقەلەگوێی ئینگلیز بـوون، لەڕێگەی حاکمی سیاسی ئوستانی کوردستان (سنە)، کە (محەمەد خان) پیاوێکی خەڵکی شاری کاشان بووە، بەناوی (محەمەد خان) بە (شەریفولدەوڵەت) ناساندبوویان، بەڵام خەڵکی کورد بە (شەریف قەساب) ناویاندەبرد. لەڕێگەی ئەم شەریف قەسابەوە کە لەگەڵ خەڵیکدا بەگشتی دوژمنانەو دڵڕەقانە مامەڵەی دەکرد، هەربۆیە بۆ چاوترساندنی کورد، لەتۆڵەی ئەو هەڵوێستەی رۆستەم خاندا بەرامبەر بە شێخ مەحموود، خان دەگرێتو لە (1920)دا لەسێدارەی دەدات، (حەمە تاڵ) ئەم کارە زۆر کاری تێدەکات. هەربۆیە بڕیار دەدات تۆڵەی رۆستەمخان لەبەرپرسانی ئێران

بکاتەوە. بۆئەوەش لووتو گوێی چەندان چەکداری دەسەڵاتی ئێرانی، کە لە سنوری بانەدا بوون، دەبڕێت، دوواتر فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت، لەبەرئەوە رووداوەکانە باشوورو پەنا دەباتە بەر شێخ مەحموودی نەمرو لەسالانی (1922 - 1924) دا بووەتە چەکدار (پێشمەرگە)ی شێخ مەحموود.

دوواتر کاتێک کە حکومەتەکەی باشوور شکست دەهێنێت، حەمە تاڵ بەناچاری رووداوەکانەوە ناوچەی بانە لەرۆژهەلات. پاشان بەپیلانێکی دەوڵەتی ئێران دەستگیر دەکرێتو رەوانەی زیندانی قەسری قەجەر، لەشاری تاران دەکرێت. دووای هەشت ساڵ زیندانیکردن، هەڵدێتو لەڕێگای ئەفغانستانو بلووجستان و خۆراسانو باشووری ئێرانو خوزستانو دوواتر کرماشانو سنەوە، دەگەڕێتەوە. زێدی خۆی. جا خودی ئەو هەڵهاتنو گەڕانەوەیەی بەو ڕێگە دوورو درێژە پڕ مەترسیو دژوارەدا، خۆی لەخۆیدا نیشانەی جەربەزەییو بوێریو سەرکێشییەکی وایە، کە هەر مەگەر بەکەڵە میردێکی وەک حەمە تاڵ بکرێت.

بەداخەوە هەلومەرجی کوردستانو هاوکات نەخوێندەواریی (حەمە تاڵ) لەو رۆژگارەدا، هۆی

ئەوەن، کە لەئێستادا هیچ زانیارییەکمان سەبارەت بەو هەڵهاتنە وەک پێویست نەبێت، کە دەکرا ببنە هەوێنی چەندان چیرۆک و رۆمان.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە، کە یەکەم بەرتەکی حەمە تاڵ بەرامبەر خەڵسوکەوتی نەشیاو و دوژمنانەی کارمەندانی دەسەڵات و دەوڵەتی ئێران، ئەوکاتە بووە، کە بەرپرسێکی مالیاتی ئێران هاتووەتە گوندی (شوێ) لەناوچەی بانە، بۆ سەندنی سەرانە لەخەڵکی گوندەکە بەشێوەیەکی ملهوڕانە. حەمە تاڵیش ئەمەی پێ قبوول ناکرێت، بۆیە کابرا دەستگیر دەکات و گوێیەکانی دەبڕێت، نەک هەر ئەوەش، بەڵکو بەچاولێکەریی دەسەڵاتدارانی ئێران، هەردوو چاوەکانیشی داغدەکات. ئەوە لە بەرامبەر ئەو ستەمەی دەوڵەت، کە بەناوی وەرگرتنی مالیاتانەوە لەخەڵکی بەشمەینەتیان دەسەند، لەگەڵیشیدا سووکایەتییان بەخەڵکەکە دەکرد.

دووات، کە (سەید عەتا) لەسالانی (1933 - 1935) دا لە دەسەڵاتی رەزا شای پەهلەوی لەئێران یاخیدەبێت و دەستدەداتە چەک، حەمە تاڵیش ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و لەگەڵ چەند چەکدارێکدا دەکەوێتەوە جووڵە.

کاتێک که چەکدارەکانی حەمە تاڵ رانەمەڕێکی گوندی (هەنجیران)ی ناوچەی مەریوان بەتاڵان دەبەن، ئەم رووداوە (سەید عەتا) زوێر دەکات، داوا لە (حەمە تاڵ) دەکات رانە مەڕەکە بگێڕێتەوەو داوای لێبووردنیش بکات، بۆ ئەو کارەی چەکدارەکانی کردوویانە. حەمە تاڵ داوای لێبووردن ڕەتدەکاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی تێکهەڵچوون لەنێوانیاندا. لەو رووداوەدا یەکێک لە چەکدارانی (سەید عەتا)، کە (بلە خەزان) بووە، حەمە تاڵ دەکوژێت. بەوەش ژیانی ئەو کەسە جەربەزەو گورز وەشێنە لە داگیرکەران، کۆتایی دێت،

ئەو پیاوەی کە دوژمن نەیتوانی زەفەری پێبەرێت، کەچی بەدەستی کورد کوژراو پەردە لەسەر ئەو کەڵە مێردە دادراوەتەوە، کە هەمیشە مایەی ترسبووە بۆ زۆردارانی دەسەڵاتی داگیرکەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو ڕۆژگارەدا.

ئەلبوومی وێنەکان

حەمەتانی بانە

رەزا شای پەهلەوی

مەحموود خانی دزلی

کەریم خانی زەند

سمکۆی شکاک

شێخ مەحموودی نەمر

حەمەرەشید خانی بانە

شێخ قادری شێخ سەعیدی حەفید

حەپسەخانی نەقیب

مەحمود خانی کانی سانان

سەعەدی عەلی قوباد

شاری بانه

شاری میاندواو

گوندی گرده‌بژر

۱

ناصرالدین شای قاجار

(حەمەتاڵ)، هەرچەندە لەدوا رۆژەکانی دەسەڵاتی ناسرەدین پاشای قاجاردا، واتە لە ساڵی 1892 لەدایک بووە، بەڵام دژایەتیکردنی دژ بە ڕێگرو چەتەکان، زیاتر بۆ سەرەتای دەسەڵاتی ڕەزا شای پەهلەوی دەگەڕێتەوە. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کۆمەڵگەی ئەو بەشەی کوردستان، دانیشتوانەکەی بەزۆری سەر بەهۆزو ئێڵو عەشرەت بوون. لەوانە بەشێکیان نیمچە کۆچەری بوونو بە ئاژەڵداری بەڕێوەدەچوون، چونکە لەناوچەکانیاندا لەوەرگەی زۆر و زەوەند هەبوون، لەگەڵ ئەوانەشدا جوتیاریش هەبوون، بەشی خۆیانو زیاتریش دانەوێڵەیان چاندووە. لەسەرو ئەوەیشەوە فەلاحیش هەبووە کە لە زەوی دەرەبەگەکاندا بەکرێ کشتوکاڵی بەرهەمهێناوە، بەشی شێری بۆ خاوەن موڵک بووە. ئەوەش بووەتە هۆکار بۆ نزمبوونەوەی باری ئابووریی ژیانیی و ستەملێکردنی لە لایەن گەورەکەیەوە.